# کوردستانی عیراق

## لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا

لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی:

**سەلمان عەلی**

پێشەکی و پێداچوونەوەی:

**سدیق ساڵح**




بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٥



٩٥٣,٢١

ک ٣٢٨ کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا/
وەرگێڕانی سەلمان عەلی؛ پێشەکی و پێداچوونەوەی سدیق ساڵح.-
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٥.
٢١٤ل، بەڵگەنامە، (١٤,٥ × ٢٠,٥).
پێڕستی ناوی کەس و شوێن (ل ٢٠٩- ٢١٤ ).
١. کورد- مێژوو- بەڵگەنامە ٢. کوردستانی عیراق- بەڵگەنامە.
٣. سەلمان عەلی (وەرگێڕ) ٤. سدیق ساڵح (پێداچوونەوە).
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی پێڕست و پۆلێنی سەرەتاییی ئامادەکردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

- زنجیرە: ٩
- ناو: کوردستانی عیراق لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا
- وەرگێڕ: سەلمان عەلی
- پێشەکی و پێداچوونەوە: سدیق ساڵح
- تایپ: جەمال حسین
- مۆنتاج: ڕێبوار ئەورەحمان
- بەرگسازی: قادر میرخان
- خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- شوێنی چاپ: سلێمانی ـ چاپخانەی شڤان
- ژمارەی سپاردن: ٤٥ی ساڵی ٢٠٠٥

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**



هەرێمی کوردستانی عیراق ـ سلێمانی،گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی , کۆڵانی٣٩, خانووی ژمارە ١٠,(بەرامبەر
قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)
تەلەفۆن: ٣١٢٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤
E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

# پێشەکی

مێژوو، بەبێ بەڵگەنامەو دەستاوێژی ڕەسەنو متمانەپێکراو، نە بەتەواوی ئەنووسرێتەوەو نە تەواو شوێنی بڕواپێکردن ئەبێ. بەڵگەنامە، حاشاهەڵنەگرترین سەرچاوەیە –دوای وردکردنەوەو هەڵسەنگاندن– زانیاریی بێئەملاوئەولاو دروستی هەر قۆناغو ماوەیەکی مێژوویی وەکوو خۆی هەڵبگرێو، دواتر بیخاتەوە بەردەست.

بەوپێیە، ئێمە ئەگەرچی مێژوویشمان سەرلەبەر نەنووسراوەتەوە، ئەو بەشە نووسراوەیش بەگشتی، بەحوکمی پشتنەبەستن بە بەڵگەنامە، پڕ لە کەموکوڕیو کەلێنی گەورەیە، پێویستیی بە پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەیە. خۆ ئەگەر بەڵگەنامەیشی بۆ بەکار هێنرابێ، ئەوا بە پێچەوانەی ڕێبازی توێژینەوەی زانستییەوە، هەر ئەو بەشو بڕگانەی بۆ وەرگیراوە کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی نووسەرانیدا جووت هاتوەتەوە.

گەلانو دەوڵەتانی شارستانیی جیهان دەمێکە بایەخیان بە مێژووی خۆیان داوەو چەندین ئەرشیڤی هەمەجۆریان بۆ کۆکردنەوەو پاراستنو پێڕستکردنی بەڵگەنامەکانیان دامەزراندووە، کە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرانبەها بۆ توێژەرەوەو مێژوونووسان. کورد، لەبەرئەوەی دەوڵەتو دامودەزگای شارستانیی خۆی نەبوەو، درەنگ وەکوو نەتەوە بەهۆش هاتووەتەوەو، ژێردەستەی ملهوڕترین حکوومەتەکانی ناوچەکەی خۆی بووە کە کەمترین



دەرفەتی ئینسانییان پێ ڕەوا نەبینیوە، بەڵگەنامە مێژووییەکانی خۆی پێ نەپارێزراوە" هێندەی بەستە بە کوردستانی عیراقەوە، ئەشێ بڵێین بەشی هەرە زۆری ئەو بەڵگەنامانەی لای کورد خۆی فەوتاونو ئیتر بۆمان قەرەبوو ناکرێنەوە.

لای ئێمە، تەنانەت خوێندەوارو ڕۆشنبیرە گەورەکانی زوویشمان کە بەخەمی ساغکردنەوەی ڕیشەی ڕەچەڵەکو زمانو ئەدەبیاتی کوردییەوە بوون، وەکوو پێویست بایەخی بەڵگەنامەیان نەزانیوە. بۆ مێژوو، ئەبێ دانی پێدا بنێم کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف یەکەمین کەسە لە کوردستان، هەر لە سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردووەوە، بەقەناعەتەوە بایەخی بەڵگەنامەی بۆ نووسینەوەی مێژوو زانیبێو چالاکانە کاری بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بەڵگەنامەپارێزی کردبێو، هەوڵی بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی بەڵگەنامەپاراستن لە کوردستان دابێ. هەتا بەشێکی کتێبی (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد: لەپێناوی زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیماندا)ی، کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو بووەوە، بۆ ئەم مەسەلە گرنگە تەرخان کردووە.

لەبەر ڕۆشناییی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، ئەشێ بوترێ: بەشێکی دەوڵەمەندی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کورد بە زمانانی بیانی، لە دەرەوەی کوردستانو، لە ئەرشیڤەکانی بەغداو دیمەشقو تارانو ئەنقەرەو ئەستەمووڵو وڵاتانی وەك بریتانیاو فەرەنسەو ئەڵمانیاو ڕووسیاو هیندستانو ... تد پارێزراون، ئەگەرچی بۆچوونی حکوومەتانی ئەو وڵاتانەیان دەرهەق بە مەسەلەی کورد تێدا نوێنراوە، لە زانیاریی وردو بەڵگەی دروستو پێسەلمێن خاڵی نین، دوای تەماشاکردنەوەی وردەکارانەو ڕەخنەگرانەیان، کەڵکی زۆرو پێویستیان بۆ نووسینەوەی مێژوومان ئەبێ.

بەداخەوە ئێمە تائێستاو، بەتایبەت لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەدواوە، هەوڵی بەردەوامو شێلگیرانەمان نەداوە بۆ دەستخستنو کۆکردنەوەو وەرگێڕانو لەچاپدانەوەی بەڵگەنامەکانی بیانی لەسەر کورد بە چەندین بەرگ، تا ڕووە

ناڕۆشنەکانی مێژوومانی پێ ڕووناك‌و کتێبخانەی هەژاری مێژووی کوردیشیان پێ دەوڵەمەندو ئاوەدان بکەینەوە. سەرباری ئەوە، نابێ هەوڵی تاکەکەسیی چەند کەسێکی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بۆ بەچاپگەیاندنی کۆمەڵە بەڵگەنامەی تایبەت بە کورد لەم لایەنەوە لەبیر بکرێ، کەبەگشتی جێی ڕێزو ستایشن. بەندە، سەرباری دەستکورتیم لەم مەیدانەدا، سالآنێکە بایەخی گەورەی بەڵگەنامەکانی بیانیم سەبارەت بە کورد زانیوە، هێندەی پێم کرابێ کەوتوومە هاندان‌و ڕێنوێنی‌و کارئاسانکردن بۆ ئەم کارە. کاری ڕاست بێ، کاك سەلمان عەلی سەرەڕای ئەرکی زۆری وەزیفەی، مەردانەو بە سەلیقەیەکی وردەوە هاتوەتە مەیدانی کارو تائێستا چەند بەرهەمێکی شایانی وەك وتارو کتێب وەرگێڕاوەو بلاّو کردوەتەوە.

ئەم ژمارە بەڵگەنامەیە، بەشێکی ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەن کە کاتی خۆی برای بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا ئەمین لە سالآنی نەوەدی سەدەی پێشوودا، لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا جیای کردوونەوەو کۆپیی کردوون. سوپاسی ئەکەم کە خستنیە بەردەست تا بکرێنە کوردی‌و بلاّو بکرێنەوە. دوای تەماشاو پۆلێن کردن بەپێی مێژوویان، کاك سەلمان ڕاسپێردرا وەریان بگێڕێ. ماڵی ئاوا بێ ئەوەندەی توانیی خەریکیان بوو. منیش پێیدا چوومەوەو پێڕستم بۆ ناوی کەس‌و شوێنەکانی ساز کرد. ئەمە یەکەم بەرگی ئەو پڕۆژەیەیە کە ئاواتەخوازی بەردەوام بوونیم.

ئەم بەڵگەنامانە لەباریاندایە هەم ڕووداوەکان ڕاست‌و ڕوون بکەنەوەو، هەم بۆچوونی باو سەبارەت بە هەندێ کەس‌و بەسەرهات بگۆڕن. بۆ نموونە :

١ـ کاربەدەستانی ئینگلیز، وەك دامەزرێنی دەوڵەتی تازەی عیراق، ئەگەر مەبەستیان بوایە ئەیانتوانی هەندێ بنەماو ڕێوشوێن بۆ پاراستن‌و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا دابنێن، کە دواتر نەکرێ دەستیان تێبخرێ‌و لێیان کەم بکرێتەوە. بەلاّم ئەوان خۆیان لە مافی بەکوردی خوێندن‌و دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە ناوچەی کوردنشین زیاتریان بە کورد ڕەوا نەدیوەو ڕێگری بەردەم زەقکردنەوەی هەر



جیاوازییەکی تری نەتەوەییی کورد بوون. نەك بێداروباریی کورد خۆی، ئەگەرچی کاریگەریش بووە، تاکە هۆیەکی ئەمە بووبێ. ئەم بەڵگەنامانە لەوڕووەوە شایەتحاڵێکی زیندوون.

٢ـ زۆر جار بەبێبەڵگە سەرانی پێشووی کوردی وەك ئەمین زەکی بەگ‌و تۆفیق وەهبی بەگ‌و ساڵح زەکی ساحێبقڕان‌و... بەوە تاوانبار ئەکرێن کە پیاوی ئینگلیز بوون‌و هیچیوایان بۆ کورد نەکردووە، دەستیان لە دروستکردنی دەوڵەتی عیراقدا هەبوە کە ئەو هەموو ماڵوێرانی‌و سەرگەردانییەی بەسەر کورددا هێناوە. لەکاتێکدا ئەوانە ئەوی پێیان کرابێ بۆ سەرخستنی کێشەی گەلەکەیان درێغییان نەکردووە، ڕاست‌و ژیرانە کوردیان خۆش ویستووە، پێبەپێ خزمەتی گەورەو بەرچاویان لەو بوارانەدا کە کەم‌وزۆر بۆ یەکەمجار ئیشیان تێدا کردووە، نیشانەی خەمخۆری‌و کوردپەروەرییانە. ئەم بەڵگەنامانە نموونەی بەجێی ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەن.

مایەوە بڵێم: وەرگێڕان‌و لەچاپدانی بەڵگەنامەی بیانی لەسەر کورد، پڕۆژەیەکی نەتەوەییی بەش‌بەخۆی گرنگ‌و پێویستە، هاوکاری‌و بەشداریی شارەزایان‌و دڵسۆزانی ئەم مەیدانەی ناوەوەو دەرەوەی کوردستانی ئەوێ. ئێمە، وەك بنکەی ژین، بەوپەڕی بایەخ پێدانەوە لاکردنەوەمان لەم مەیدانە بە بەشێکی سەرەکیی کارو بەرنامەی خۆمان داناوە. هیوامانە هەموان لەم لایەنەوە درێغی نەکەن، هاوکارمان بن.

سدیق ساڵح

٢٠٠٥/٢/١١

## بەڵگەنامەی (١)

**نهێنی** — **بارەگای مەندوبی سامی**

**ژمارە/ وەزارەتی دەرەوە، ٤٣٩** — **بەغدا، ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨**

**بەڕێز سەرۆکی وەزیران،**

ئاماژە بە نووسراوی نهێنیم ژمارە (وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٦)ی ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ سەبارەت بە گفتی هەردوو حکوومەتی بریتانیای مەزن و عێراق لەبارەی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان و هێشتنەوەی عەبدولمەجید بەگ ئەلیەعقووبی‌یەوە لە پۆستی موتەسەڕیفی هەولێردا، باسی ئەو یاداشتەم نەکردووە کە تایبەتە بە ئیلتیزامە نێودەوڵەتیەکانی بریتانیا بەرامبەر بە عێراق. هەڵبەت وێنەیەکی ئەو یاداشتە لە کۆبوونەوەی نوێنەرەکاندا کە (١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧) لە وەزارەتی کاروباری کۆڵۆنیەکان وتووێژیان لەسەر ڕێککەوتنە نوێیەکەی بریتانیاو عێراق کردووە، بە ڕەسمی دراوەتە جەعفەر پاشا ئەلعەسکەریی سەروەزیری پێشوو.

بەڕێزتان لەو یاداشتەدا گوتەیەکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا دەبینن کە تێیدا هاتووە: کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم) حکوومەتی خاوەنشکۆی پابەند کردووە کە گرەنتیی کارگێڕیی خۆجێیی بە کوردی عێراق بدا. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کاتێ کێشەی سنووری ویلایەتی مووسڵی یەکلایی کردەوە، بڕیاری لەمە دا. بۆیە دڵنیام بەڕێزتان بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن.

دڵسۆزتان

ئێچ. دۆبس (H. Dobbs)

بەڕێز

عەبدولموحسین بەگ ئەسسەعدون

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران . بەغداد



## بەڵگەنامەی (٢)

**نهێنی** — **بارەگای مەندوبی سامی**

**ژمارە: وەزارەتی دەرەوە، ١٣٩** — **بەغدا، ٢٠ی نیسانی ١٩٢٩**

**بەڕێز سەرۆکی وەزیران،**

یەک دوو هەفتەی ڕابردوو چەند داخوازینامەیەکی کوردم پێگەیشت کە خرابوونە بەردەستی حکوومەت، یاخود بێناونیشان بڵاوکرابوونەوەو یەکیان پێشکەشی بەڕێزتان کرابوو. لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم ڕای خۆم لەسەر مەسەلەکە دەربڕم.

بەڕێزتان ئاگاداری بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکانن سەبارەت بە چەند ماف و ئیمتیازێکی دیاریکراو بۆ کوردانی عێراق. ئەو بڕیارانە مەرجی چارەی پەسەندکراوی ویلایەتی مووسڵیان داناوەو حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایش کۆمەڵەی نەتەوەکانی لە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانە دڵنیا کردووەتەوە. حکوومەتی عێراق، لەلای خۆیەوە، بەم دڵنیاکردنەوەیە ڕازی بووە. هەروەها ئاگادار کراوم کە بەڵێنەکان جێبەجێ کراون و ئایندەیش بەردەوام کاریان بۆ دەکرێ.

حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا خوازیارە یەکێتی هەموو ئەو ڕەگەزانە ببینێ کە گەل و دەوڵەتی وابەستەی عێراق پێکدێنن. عێراق، تەنیا بە پێڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە، دەبێتە ئەندامێکی بەهێزو خۆشگوزەرانی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

بۆیە، پێم وایە، دەبێ خواستی جیاییخوازیی هەر کۆمەڵ و تاقمێکی ئەم گەلە هێوربکرێتەوە، ئامانجی هەموان هاوکاریی نێوانیان بێ. هیوادارم ساڵانی ئایندە پێشکەوتنی بەرچاوی ئابووری بەخۆوە ببینێ. ئاشکرایە تەنها یەکخستنی ئامانجەکان، پەرەسەندنی ژیانی هاوبەشی پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم گەلە دەستەبەر دەکات.

داخوازیەکانیش بریتین لە:

١- کارئاسانیی خوێندن لە دەڤەری کورداندا.

٢- دامەزراندنی لیوای دهۆك و پێکهاتەی لەمەدوای لیوا کوردیەکان بە شێوەیەکی پشکنیاریی نیمچە ئۆتۆنۆمی.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، من زۆر هاوسۆزی خواستی کوردەکانم بۆ گەشەپێدانی خوێندن کە تاکی کورد لە چوارچێوەی ئەو گفتوو پەیمانانەدا، کە پیشتر باسم کردن، دەپارێزێ. هەرچەندە باری ئێستای دارایی وڵات وەهایە کە ناتوانێ سەرجەم پێداویستیەکانی خوێندن دابین بکات، وا هەست ناکەم حکوومەت هەر نەتوانێ، لە ڕووی داراییەوە کارێك بۆ ئەم داوایەی کورد بکات. خۆ کاتێ باری ئابووری باش دەبێ، دەکرێ بودجەی پێویست بۆ دانانی سیستمێکی تەواوو چڕوپڕی پەروەردەیی تەرخان بکرێ.

حکوومەت دەبێ خاڵی یەکەم، بە پێی تواناو باری کارگێڕی، چارەسەر بکات. هاوکات، هەموو کارو هەنگاوێکی جیاییخواز ڕەت دەکەمەوەو بە ڕای من، نەك تەنها بۆ وڵات، بەڵکوو بۆ کورد خۆیشی وا باشترە هەوڵ بۆ پشت بە یەك بەستن و هەماهەنگی بدات، بۆئەوەی باری گوزەرانی سەرجەم کەرتەکانی دانیشوان پێکەوە باش بێ. هەوڵەکانی حکوومەت بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی وڵات، زامنی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە.

دڵسۆزتان

گێڵبەرت کلەیتۆن

بەڕێز

عەبدولموحسین بەگ ئەسسەعدوون، کەی. سی. ئێم. جی.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

بەغداد.



**بەڵگەنامەی (٣)**

نهێنی

بارەگای مەندوبی سامی

بەغداد

٢٣ی نیسانی ١٩٢٩

بەڕێزم لۆرد[١]

ئاگادارتان دەکەم، لەوکاتەوە کە گەیشتوومە عیراق، تاووتوێی ئەو گلەییە بەردەوامانەی کورد دەکەم کە دەڵێن: ئەو بەڵێنانەی کە لە بارەی چەند ئیمتیازێکی دیاریکراوەوە پێیان دراوە، باش جێبەجێ نەکراون.

٢- شا فەیسەڵ سەرەتای ئەمساڵ پێی وتم کە حەزدەکات باسێکی کێشەی کورد بکەین. وا ڕێك کەوتین، دوای ئەوەی کە دەرفەتم دەبێ بە ڕاستیەکان و ڕای شارەزایان ئاشنابم، پێکەوە باسی ئەو کارانە بکەین کە حکوومەتی عیراق دەبێ بۆ ڕازیکردنی کورد بیانکات.

سێر کیناهان کۆرنواڵیس (Sir Kinahan Cornwallis)، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، هەرزوو بە داوای من لە پەیمانەکانی دراو بە کوردو ڕادەی جێبەجێکردنیانی بە وردی کۆڵیوەتەوەو، گفتوگۆی تێروتەسەلی لەبارەی ناڕەزاییەکانی کوردەوە لەگەڵ پشکنیارە کارگێڕیەکانی ناوچە کوردیەکان و پشکنیاری گشتیی بریتانیا بۆ پەروەردەو خوێندن کردووە.

سەرەنجام سەرنجێکی گشتگیری گرفتەکەی داوەو ڕاسپاردەی باشیشی خستووەتە بەردەستی حکوومەتی عیراق.

٣- وێنەیەکی ئینگلیزیی تێبینیەکانی سێر کیناهان کۆرنوالیس، بۆ زانیاریی بەڕێزتان، هاوپێچ دەکەم کە بۆ وەزیری ناوخۆی ناردووەو هۆکانی نیگەرانیی کوردو چۆنێتیی ڕەواندنەوەیشی زۆر بەڕوونی خستووەتە ڕوو.

[١] لۆرد پاسفیلد، وەزیری کۆلۆنییەکان، شەقامی داونینگ، لەندەن، ئێس. دەبلیو. یەك.

من سێر كيناهانم ئاگاداركردووه كه پشتيوانيى پێشنيارەكانى دەكەمو، هەوڵدەدەم شاى عيراقو سەرۆكى حكوومەت پشتگيريى هەوڵەكانى بكەن بۆئەوەى كه حكوومەتى عيراق ڕازى بكەن كار بۆ ڕاسپاردەكان بكات.

٤- يەكەم بەرهەمى تێبينيەكان بەلاغێكى (٩ى نيسان)ى حكوومەتى نوورى پاشايه كه لە چاپەمەنيەكانەوە بڵاوكراوەتەوەو وێنەيەكيم كردووەتە هاوپێچى دووەمى ئەم نووسراوە. ڕەزامەنديى كوردانيش لە ڕاگەياندنى ئەم سياسەتە لەو برووسكانەوە دەردەكەوێ كە لە چەند پارچەيەكى كوردستانەوە بە سەروەزيرو من گەيشتوون.

ئێف. ئێچ. هەمفريز
مەندووبى سامى لە عيراق.

ئەم دواييە، لەگەڵ پشكنيارەكانى ليواكانى باكوور، بە فەرمانى خاوەنشكۆ شاى عيراق، تاووتوێى بارودۆخى كوردمان كرد. هەروەها لە دروستيى ئەو قسانەى هەندێ كوردم كۆڵييەوە كە گوايە ئەو پەيمانانەى وا پێيان دراوە، جێبەجێ نەكراون.

٢. گفتەكان:

(١) بەلاغێكى (٦ى مايسى ١٩٢١)ى سێر پێرسى كۆكس (Sir Percy Cox) كە ڕاوێژكارانى بريتانيا لە مووسڵو كەركووكو سلێمانى بڵاويان كردووەتەوە:

((مەندووبى سامى چاودێريى ئەو هەنگاوە ئيداريانە دەكات كە بۆ ئايندەى ناوچە كورديەكانى عيراق دەنرێن. ئەو بۆى دەركەوتووە: ترسى ئەوە لەئارادايه كه بەرژەوەنديەكانى كورد، بەهۆى بەستنەوەيانەوە بە حكوومەتى نيشتمانيى دامەزراو لە بەغدا ، تووشى زيان بن، بۆيە داواى ناوچەيەكى ئۆتۆنۆمى دەكەن.



سەركردەكانى ڕاى كورد، هاوكات، تەواو ئاگادارى ئەو پەيوەنديە ئابوورىو پيشەسازييەى نێوان ناوچەكانيانو عيراقو هەموو ئەو ئاكامە خراپانەيشن كە پێدەچێ لە جيابوونەوەيان بكەونەوە. بەڕێزى لەم هەلومەرجەدا خوازيارە، ئەگەر بگونجێ، لە خواستى ڕاستەقينەى كورد ئاگادار بێ. خۆ ئەگەر بيانەوێ لە سايەى حكوومەتى عيراقدا بمێننەوە، ئەوا ئەم چارەسەرەى لاى خوارەوە دەخاتە پێشچاوى ئەنجومەنى وڵات.

يەكەم:

سەبارەت بە ناوچە كورديەكانى ويلايەتى مووسڵ كە دەكەونە سنوورى مانداتى بريتانيا، ليوايەك لە زاخۆو ئاكرێو دهۆكو ئامێدى پێك بهێنرێو ناوەندەكەى لە دهۆك بێو موتەسەڕيفى ياريدەدەرى بريتانى بەڕێوەى ببات. قايمقامەكان سەرەتا بريتانى بنو دواتر هەر كە كەسى شايستە دەست كەوت، كورد يان عەرەبى كورديزانو پەسند لاى كوردەكان، جێيان بگرنەوە. ئەم ليوايە نوێنەرێكى خۆى بۆ ئەنجومەنى دامەزراندن (المجلس التأسيسي) بنێرێ. دارايىو دەسەڵاتى دادوەرى لە دەستى حكوومەتى نيشتمانيدا بن. بەڵام بۆ مەسەلەى ئيدارەى گشتى, قايمقامەكان موتەسەڕيفەكان دەستنيشان دەكەنو بەڕێز مەندووبى سامى كارمەندى پۆستە ئيداريەكان, بە ڕاوێژ لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێييەكاندا, دادەمەزرێنێ.

دووەم:

مەندووبى سامى هەوڵ بدا چەند ئەفسەرێكى بريتانى لە ئيدارەى هەولێرو كۆيەو ڕەواندزدا دابنێ. كارمەندى حكوومى، بە خواستى خەڵك، دابنرێو، هەر كە دەرفەت ڕەخسا، زانياريى زياتر لەم بارەيەوە بدرێ.

سێيەم:

سلێمانى موتەسەڕيفييەتێك بێ، موتەسەڕيفێك لە ئەنجومەن بەڕێوەى ببات. مەندووبى سامى ئەم موتەسەڕيفە دانێو ڕاوێژكارێكى بريتانيشى هەبێ. ئەگەر موتەسەڕيف دانەنرا، ئەفسەرێكى سياسيى بريتانى ئەم دەسەڵاتە وەربگرێ.

موتەسەڕیف دەکرێ چەند دەسەڵات و مافێکی هەبێ، لەوانە: ناڕەزایی پێشکەشی مەندووبی سامی بکاتو ڕاوێژ لەگەڵ مەندووبی سامیو موتەسەڕیف لەلایەكو ئەنجومەنی دەوڵەت لەلایەکیترەوە بکات بۆ پەسندکردنیان.

قایمقامەکان سەرەتا بریتانی بن‌و، دواتر کوردی شیاو جێیان بگرنەوە.

سەرنج: مووسڵو هەولێر ئەم مەرجانەیان پەسەند کرد، کەچی سلێمانی دانیە دواوە.

(٢) ڕاگەیاندنی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢:

((حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراق دانیان ناوە بە مافی ئەو کوردانەدا کە لە سنوری عیراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە ناوچەکانیاندا. هەروەها دەخوازن زوو لەناو خۆیاندا لەسەر شێوەی ئەو ئیدارەیەو سنوورەکانی ڕێك کەون، وەفدی بەرپرس بنێرنە بەغدا بۆ گفتوگۆی پەیوەندیە سیاسیو ئابووریەکانیان لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراقدا)).

(٣) بڕیاری ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٢٣ی ئەنجومەنی وەزیران:

١- حکوومەتی عیراق نیازی نییە هیچ کارمەندێکی عەرەب، جگە لە فەرمانبەری تەکنیکی، لە ناوچە کوردیەکاندا دامەزرێنێ.

٢- هەروەها نایەوێ دانیشتوانی کورد ناچار بکا نووسراوە ڕەسمیەکانیان بە عەرەبی بنووسن.

٣- مافی دانیشتوانو دەستەو تاقمە دینیو کۆمەڵایەتیەکانی ئەو هەرێمانە باش دەپارێزرێ.

(٤) برووسکەی سەروەزیر بۆ موتەسەڕیفی کەرکووك:



(أ) تکایە ئەنجومەنی ئیداری ئاگادار بکە کە پێشنیارەکانیان پەسند کراون. حکوومەت ڕازییە تەنها خەڵکی شوێنەکان خۆیان پۆستەکان پڕبکەنەوە، زمانی خۆجێیش زمانی ڕەسمی بێ.

(ب) هەروەها دەتوانن ئەنجومەنی ئیداری دڵنیا بکەن کە ئەم مەرجانە بە ڕەسمی جێبەجێ دەکرێن.

(٥) گوتەی (٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦)ی سەروەزیر:

((.. دەبێ مافی کوردەکان بدەین، کارمەندەکانیان لە خۆیان بن، زمانیان زمانی ڕەسمییان بێ، منداڵانیان لە قوتابخانەکاندا فێری زمانی خۆیان بن. ئەرکی سەرشانمانە مافەکانیان بدەینێ)).

هەروەها ڕاسپاردەی خولاوی سەروەزیر بۆ گشت وەزیرەکان:

((بەڕێزتان بێگومان گوتەکەی خانەی نوێنەرانی سەروەزیرتان دیوە کە ڕۆژی دواتر لە چاپەمەنیەکاندا بلاوکراوەتەوە. گوتەکە ئەو سیاسەتە لەخۆدەگرێ کە حکومەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا پێڕەوی کردووەو دەیکات، واتە: فەرمانبەران پێویستە کورد بن‌و کوردی زمانی ڕەسمی بێ. بۆیە بەڕێزی ڕایسپاردووم داوا لە بەڕێزتان بکەم: هەوڵ بدەن ئەو سیاسەتە بگرنەبەرو پابەندی هەموو شتێکی تایبەت بە دامەزراندنی ناوچەکە بن.

(٦) مەرجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم):

((دەبێ خواستەکانی کورد بۆ دامەزراندنی فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان، دابەشکردنی دەسەڵاتی قەزایی، خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکاندا، بە ڕەسمیکردنی زمانی کوردی لە گشت دامودەزگاکانی ناوچەکەیاندا، لەبەرچاو بگیرێن)).

٣. بە ڕای من گفتەکانی ژمارە ٣ و ٥ و ٦ بایەخیان زیاترەو ئاماژە دەدەنە:

ئ- فەرمانبەران

ب- زمان

ج- دابەشکردنی دەسەڵاتی قەزایی

د- خوێندن

بەڵێنەکەی سەبارەت بە ئەنجومەنی ئیداریی کەرکوك شیاو نییە، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی بەشی هەرەزۆری ناوچەکان کوردن‌و قەزا کوردیەکانی (چەمچەماڵ) و (گل)یشی لە لیوای سلێمانیەوە، دوای پەیمانەکە، بۆ گوێزراونەوە. دیارە ئەمەیش لەگەڵ ئەم گفتانەدا یەك ناگرێتەوە کە بە کوردەکان دراون.

پێشنیار دەکەم چوار بەڵێنەکە یەك لەدوای یەك کاریان بۆ بکرێ، بەڵام حەزدەکەم سەرەتا بڵێم: بە بۆچوونی من، گیانی کارکردنی ئایندەی حکوومەتی عیراق لەگەڵ کورددا، زۆر لە جێبەجێکردنی کتومتی هەر پەیمانێك بەبایەخترە.

کورد، ڕاست بێ یا هەڵە، وا هەست دەکات ماف خۆی پێ نادرێ، بۆیە ئەرکی هەرە گرنگی هەنووکەیی حکوومەتە ئەو گومانانە بڕەوێنێتەوەو تۆوی بڕواو متمانە بچێنێ.

هەر گلەییە بچووکەکانن لە مێشکی خەڵکدا گەورە دەبن‌و کۆدەبنەوەو دەبنە ناڕەزایی. جا بۆیە حکوومەت دەبێ لێبوردە بێ‌و ئەم نیگەرانیانە بڕەوێنێتەوە.

فەرمانبەران

٥. ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی فەرمانبەران دەخاتەڕوو:

ك: کوردی ت: تورکمان ع: عەرەب گ: گاورج: جوولەکە

| شار | ك | ت | ع | گ و ج | ك | ت | ع | گ و ج | سەرجەم ك | ت | ع | گ و ج |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٩ | ٨ | ١ | ٢ | ٩٠ | ١٤ | ١١ | ١٢ | ١٠٩ | ٢٢ | ١٢ | ١٤ |
| هەولێر | ١٨ | ٥ | ٤ | ١ | ٩٥ | ٢٣ | ٣٤ | | ١١٣ | ٢٩ | ٣٨ | ١ |
| کەرکووك | ١٦ | ١١ | ١٨ | ٢ | ٢٩ | ١٠٧ | ٤٠ | ٦ | ٤٥ | ١١٨ | ٥٨ | ٨ |
| مووسڵ- قەزا کوردیەکان | ١١ | ٣ | ١٤ | ٤ | ٤٦ | ٨ | ٤٣ | ٣٥ | ٥٧ | ١١ | ٥٧ | ٣٩ |



٦. دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر کارمەندی غەیرە کورد، بەڕاستی، شکاندنێکی ئاشکرای بەڵێنەکانە. بۆ نموونە، (٩٩٪)ی دانیشتوانی سلێمانی کوردن، کەچی زیاتر لە (٣٠٪)ی فەرمانبەران، کورد نین. خۆ ژمارەکانی ناوچەکانی تریش خۆیان دەدوێن.

فەرمانبەرانی کورد، وەك دەبینرێن (٣٢٤)و عەرەب (١٦٥)و تورکمان (١٨٠)و گاورو جوولەکە (٦٢)ن، واتە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کەوا کورد نین (٩٣)یان لە کوردەکان زیاترە.

ئەمە، بە ئاشکرا، نموونەیەکی ئەو جێیانەیە کە ڕێنماییەکانی حکوومەتیان تێدا پشت گوێ خراوە، چونکە کەسێکی بەرپرس نەبوە بەشوێن جێبەجێکردنی گفتەکاندا بچێ. دیارە ئەم پشت گوێ خستنەیش هەلی ڕەخنە بۆ هەموو ئەوانە دەڕەخسێنێ کە دەیانەوێ مەسەلەکە بەتوندی لێك بدەنەوە.

من پێم باشترە بایەخ بدرێتە گیان (روحیة)ەکەو مەسەلەکە زۆر قووڵ نەکرێتەوە، چونکە زۆرینەی ئەوانەی وا کورد نین، کەرکووکین‌و لە لیوای کەرکووکدا خزمەت دەکەن، یان دانیشتوانی دێرینی شارن‌و کار دەکەن‌و لە کوردەکان جیانابنەوە. هەندێ بەشی وەکوو تاپۆو گومرگ‌و کشتوکاڵ هەوڵێکی وەهایان نەداوە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، بۆیە نیگەرانیی کورد، زیاتر لەمەڕ پۆستە تەکنیکیەکان، بێ‌هۆ نییە. وا دەردەکەوێ تائێستا کارێکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری کێشەکە نەکرابێ.

کوردەکان هەوڵدەدەن بەڵێنەکان، خۆپەرستانە، بەخۆیانەوە ببەستنەوە. خۆ عەرەبەکانیش هەر هەنگاوێك ڕەت دەکەنەوە کە وا بکات لیوا کوردیەکان بۆ کوردەکان خۆیان بن، ئەگەرچی بەو شێوەیەیش نەبێ کە لە خشتەکاندا دیارە، کەچی ڕێیان لێ ناگیرێ لە بەشەکانی تری وڵاتدا خزمەت بکەن. وا باشترە زانینی زمان ببێتە پێوەر، بوار بدرێتە ئەو عەرەبانەی کە بە کوردی قسەدەکەن لە لیوا کوردیەکان‌و، ئەو کوردانەی وا بە عەرەبی دەدوێن لە لیواکانی تر کاربکەن. هەتا کورد لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بەگومان بێ، دیارە ئەم کارەیش ناکرێ. بەڵام ئەگەر ئەو یاسای زمانەی کە لە پەڕەی

"٢"[1]دا باس کراوە، دەربچێ‌و دەربیخات کە پەلە ناکرێ‌و دامەزراندنەکان بە وریایی دەبن، دەشێ جێبەجێ بکرێ.

٧. دامەزراندنی فەرمانبەری شیاو مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە.

کوردەکانی لیوای هەولێر پێدەچێ، لەوانی دی، زیاتر بێزار کرابن. ببوورن کە ئەمە دەڵێم، بەڵام گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە هۆیەکە: سیاسەتی پیادەکراوی موتەسەڕیف "ناجی بەگ"ە کە هەرچەندە فەرمانبەرێکی توانایە، بەڵام تورکمانەو لەگەڵ کورددا باش نییە. هەروەها بووەتە نموونەیەکی خراپ لەناو کارمەندەکانی ترداو هەستێکی زیانبەخشی دژ بە کورد لە ئیدارەکەیدا بەدی دەکرێ. ناوبراو، لەماوەی ئاسایی زیاتر، خزمەتی لە لیوای هەولێر کردووە، جا بە ڕای من باشترە، هەرچی زووە، لە ناوچە کوردیەکان بگوێزرێتەوەو کوردێکی جێ‌متمانەی حکومەت‌و هاوشاریەکانی شوێنی بگرێتەوە.

٨. کەموکوڕیەکی تر کە پێویستە چارەسەر بکرێ، ئەوی هێزی پۆلیسە کە ئەفسەرو پشکنیاری کوردی کەم تێدایە. سەرەنجام فەرمانبەری عەرەب دانراون کە کوردی نازانن‌و وەرگێڕیان هەیە کە هەڵەیەکی دیارو بەرچاوە، بۆیە پێویستە کارئاسانییان بۆ بکرێ بۆ ئەوەی کە کوردو ئەو عەرەبانە ڕابێنن کە کوردی دەزانن، تا ببنە پشکنیار یان ئەفسەری.

٩. بە بڕوای من، ئەگەر کوردێك لە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ دابمەزرێ، نەك هەر بۆ وەزارەت باشە، بەڵکوو کوردەکانیش سوپاسگوزار دەبن. ئەم کارمەندە دەبێ بە پلەی یەکەم، لەبەر ڕۆشنایی فەرمانەکانی بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیدا، ئەرکی نامەگۆڕینەوەی لیوا کوردیەکان لە ئەستۆ بگرێ. کارەکە خەرجییەکی زیادەی دەوێ، بەڵام دڵنیام

(١) مەبەست بەلاغەکەی سێر پێرسی کۆکسە کە لە لاپەڕەی دووەمی سەرنجەکانی سێر کیناهان کۆڕنواڵیسدا هاتووە.



کوردەکان ڕازی دەکات، چونکە کەسێکی زۆر شارەزای لیوا کوردیەکان لە وەزارەتدا دەبێ.

١٠. کوردەکان هەست دەکەن لەناو فەرمانبەرە باڵاکانی پایتەختدا نوێنەرایەتییان تەواو ناکرێ. ئەم هەستە، بێگومان، لە جێی تریش بەدی دەکرێ، بەڵام من پێم وایە: دەبێ ژمارەو بایەخی سیاسیی کوردەکان لە بەرچاو بگیرێ‌وبەوە ڕازی بکرێن کە خەڵکی شیاوی کورد لە شوێنە بەتاڵەکاندا دابنرێ.

زمان‌و دابەشکردنی دەسەڵاتی قەزایی

١١. زمان یەکێکە لەو مەسەلانەی کە کورد یەکجار لێی ناڕازییە. گفتەکان ڕوون‌و ئاشکران‌و پێویستە هەرچی زووترە، یاسایەك دەربچێ‌و کوردی لە لیواکانی سلێمانی‌و هەولێرو قەزا کوردنشینەکانی لیوای مووسڵدا بکاتە زمانی ڕەسمی‌و، لە لیوای کەرکووکیشدا بیکاتە یەکێك لە زمانە ڕەسمیەکان. ئەمجا شارەزایی زمان، نەك ڕەچەڵەك، ببێتە مەرجی دامەزراندن لە ناوچە کوردیەکاندا.

١٢. هەندێ بەش هێشتا کەمتەرخەمن‌و پەیمانەکانی تایبەت بە زمان جێبەجێ ناکەن. گرفتەکەیش لەوەدایە کە میکانیزمێکی تەواو لەبەردەستدا نییە بۆ وەرگێڕانی یاساکانی دەوڵەت‌و زۆرێك لە ئیلتیزاماتەکانی وەکوو دارایی‌و.. هتد. یاسا بنەڕەتیەکانی وەك یاسای سزادانی بەغدا نەکراونە کوردی. زمانی ڕەسمیی دادگاکانی هەولێر عەرەبییەو ئیجرائات‌و حوکمەکانیش هەر بە عەرەبی تۆمار دەکرێن. یاساو ڕێساو خولاوو نامەگۆڕینەوەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە زمانی عەرەبی بۆ لیوا کوردیەکان دەنێردرێن، بۆ ئەوەی (مودیری تەحریرات)ـەکانی ئەو لیوایانە بیانکەنە کوردی. ئەمەیش خۆ دیارە کارێکی باش نییە، چونکە ستافی هەر چوار لیواکە یەك شت وەردەگێڕن، بەمەیش وەرگێڕانەکان جیاواز دەبن. بەڵگەنامە یاساییەکان دەبێ بە وریایی‌و شارەزایی وەربگێڕرێن، بۆیە ستافێکی نەشیاو کە تەواو نوقمی کاری ئیداری بووبێ ناتوانێ ئەو

دۆکیومێنتانە، کە ڕەنگە هەندێ جار هەر نەیشکرێنە کوردی، باش وەربگێڕێ.
سەرەنجام، ئەو کارمەندانەی کە عەرەبی نازانن، ناتوانن ئیشەکانیان بە دروستی ڕاپەڕێنن و، خەڵک لە مافە بنەڕەتیەکانی ئەو یاسایانەی وا بە زمانی خۆیان نووسراون و لەبەر ڕۆشناییاندا باجیان لێ وەردەگیرێ و بەڕێوەدەبرێن، بێبەش دەبن.

بە ڕای من، دەبێ نووسینگەیەکی وەرگێڕان، کە باشترە لەم وەزارەتەدا بێ، دابمەزرێ بۆ کردنە کوردیی یاساکان و بڵاوکردنەوەیان لەو چاپەمەنیە ڕەسمیی و بەڵگەنامانەی تردا کە وەزارەت بە پێویستیان دەزانێ. هەروەها پرۆسەو حوکمی دادگاکان بە کوردی بنووسرێنەوە.

خوێندن:

١٣. گلەییەکانی کورد لە سیاسەتی پەروەردەی حکوومەت گەلێ زۆرن کە هەندێکیان ڕەوان و ئەوانی دیکە زیادەڕەوییان تێدایە، چونکە سەختە حکوومەتێکی کەم دەرامەت بتوانێ خێرا هەموو شتێ بکات. کوردی بووەتە زمانی نووسین، بەڵام مامۆستای لێهاتوو نییە، بۆیە مەسەلەکە ئاڵۆز بووە.

گرفتەکان ، بە بۆچوونی من، دوانن:

یەکەم: نەوەکانی کورد ناتوانن باش بخوێنن، چونکە قۆناغەکانی قوتابخانە ناوەندییەکانی ئەمڕۆی لیوا کوردیەکان ناتەواون.

دووەم: ناوچەی خوێندنی کوردی نادیارە، چونکە هەولێر دەکەوێتە دەڤەری مووسڵ و فەرمانبەری پەروەردەی ناوچەی (بەغدا) سلێمانی و کەرکووک بەڕێوەدەبات. چەند گازندەیەکم بیستووە کە گوایە بەرنامەی پەروەردەیی پیادەکراوی هەندێ فەرمانبەری خۆجێیی پێچەوانەی گفتەکانە. ئەمە ڕاست بێ یان نا، پێویستە هەرێمێکی پەروەردەیی لە هەولێرو کەرکووک و سلێمانی، بێدواخستن و بە چاودێریی کوردێکی گونجاو، دابمەزرێ. هەروەها، بە ڕای من، پێویستە خوێندنی قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانە ناوەندیەکانی سلێمانی و هەولێردا تەواو بکرێ. کاتێکیش پارە دەبێ, قوتابخانەی تری سەرەتایی بکرێتەوە. ئەگەر ناوچەی خوێندنی کوردی



دابمەزرێ، ئەوا فەرمانبەرانی کورد بەرەو ڕووی ئەو ڕەخنانە دەبنەوەو، کەمەو کوڕیی ئیداریش کە پێشتر هۆکەیم بۆ بودجە گێڕایەوەو وا لێک دراوەتەوە کە حکوومەت هەوڵ دەدا بەڵێنەکان پشت گوێ بخات، کەم دەبێتەوە.

١٤. وا هەست دەکەم، لە قوتابخانە کوردیەکاندا، بایەخێکی زۆر دەدرێتە مەسەلەی ئامرازی وانەوتنەوە. کوردان مافی خۆیانە زمانی وانەبێژانی سەرەتاییان کوردی بێ، بەڵام ئەگەر یاسای زمان دەربچێ و کورد قەناعەت بکات کە ئیتر هیچ هەوڵێک بۆ لەناوبردنی گیانی نەتەوەیی نادرێ، هەر خۆی داوا دەکات هەندێ لە بابەتە قورسەکانی قۆناغە پێشکەوتووەکان بە زمانی عەرەبی بوترێنەوە. خۆ هەر کە تێکەڵی و گفتوگۆیش دەستیان پێکرد، لیوا کوردیەکان دابڕاو نابن و لاوانی کورد دەرک دەکەن: بەبێ شارەزایی زمانی عەرەبی ناتوانن ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی نیشتمانیدا بگێڕن. ئەم مەسەلەیە وردە وردە خۆی دەسەپێنێ و، هەڵەیشە کێشەی نەتەوەیی تێبخزێنرێ.

١٥. من ئەم سەرنجانەی لای خوارەوەم هەن.

فەرمانبەران

١- هەرکە یاسای زمان دەرچوو، شارەزایی زمانی کوردی، نەک نەتەوەو ڕەچەڵەک، ببێتە تاقیکردنەوەی دامەزراندن.

٢- سەرجەم بەشە ئیداریەکان، هاوکات، بایەخی زیاتر بدەنە دامەزراندنی کارمەندی کورد.

٣- موتەسەڕیفی هەولێر خێرا بگوێزرێتەوەو کوردێکی گونجاو لە جێی دابنرێ.

٤- کارئاسانی بۆ پۆلیس بکرێ بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر پشکنیارو ئەفسەری کوردیزان ڕابێنێ.

٥- کوردێک لە پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیدا لە وەزارەت دابمەزرێنرێ.

٦– بیر لە دامەزراندنی کوردی شیاو لە هەندێ پۆستی بەرزی بەغدادا بکرێتەوە .

<u>زمانو دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەری</u>

٧– یاسایەك دەربکرێ کە کوردی بکاتە زمانی ڕەسمیی ئیدارەی سلێمانیو هەولێرو قەزا کوردیەکانی مووسڵو یەکێك لە زمانە ڕەسمیەکانی کەرکووك.

٨– نووسینگەیەکی وەرگێڕان لە بەغدا بکرێتەوە.

٩– پرۆسەو حوکمەکانی دادگا بە کوردی بنووسرێن.

<u>خوێندن</u>

١٠– لیواکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکووك بکرێنە یەك (ناوچە–مەنتیقە)ی پەروەردەو خوێندنو لەژێر ڕکێفی کوردێکی شیاودا بێ.

١١– قۆناغەکانی قوتابخانە ناوەندیەکانی سلێمانیو هەولێر تەواو بکرێن. هەر کە پارە هەبوو، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان زیادبکرێ.

<u>هی تر</u>

١٢– هەستی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێو، هێمایەکی کورد بۆ ئاڵای عیراق زیاد بکرێ.

١٦. وەکوو بەڕێزتان دەبینن، داواکاریی کوردە ناسیونالیستەکانم بۆ فراوانکردنی هەرێمی کوردی تا دیالەو کووتو هەر گۆڕانێکی تر کە دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی لیوا کوردیەکان لە شانشینی عیراق، لە سەرنجەکانمدا وەلاناون. وا هەست ناکەم ئەم داخوازیانە قازانجی کوردان خۆیانو دەوڵەتی عیراقیشیان تێدا بێ. تێبینیەکانی من، ناسیونالیزمی کورد تێرناکات، بەڵکوو تەنها داوایەکن بۆ فراوانکردنی دەڤەری خوێندنو پێکهێنانی لیوای دهۆك. دەکرێ دەروازەکە هەروا والا بمێنێتەوە بۆ هەر فراوانکارییەکی لەو جۆرە، بەلام دەبێ لە رووی هەر شتێکی دژی یەکپارچەیی خاکی عیراقدا دابخرێ.

ئەوی وا من داوا دەکەم، لەبەرچاوگرتنی گازندە ڕەواکانی کوردە. بیستوومە دەڵێن کورد کێشەی نییە، ئەمەیش لە ڕاستییەوە دوورە. کورد



نیگەرانو بەگومانەو پڕوپاگەندەیەکی یەکجار زۆرو زیانبەخشیش لە بەغداوە بڵاوبوونەتەوە. ئەگەر بەدوای ئەم مەسەلەیەدا نەچنو شتێ نەکەن بۆ چارەسەری گومانو ناڕەزاییە ڕاستەقینەکانو دروستکردنی متمانە، دڵنیام گیروگرفت دروست دەبن. ئەمە جگە لەوەی کە داواکانی کورد بە جۆرێ زیاد دەکەن کەوا حکوومەت ناچار دەبێ یان بە زەبری هێز بەرەنگاریان بێتەوە، یا قبووڵیان بکات. ئەمەیش لە قازانجی سەقامگیریو ئارامیی ئایندەدا نابێ.

حکوومەت هەڵەیەکی مەزن دەکات، ئەگەر بیەوێ تەنیا داخوازیەکان جێبەجێ بکات. ئەوان مەبەستیانە کورد بە گەلی عیراقەوە بلکێنن. دیارە ئەمە لە ڕێی کارتێکردنی گیانو ناخیانەوە دێتەدی، نەك جێبەجێکردنی کتومتی بەڵێنەکان، ئەگەرچی ئەمی دواییش هەر گرنگە. بە بۆچوونی من، ئەگەر حکوومەت بە مێشکێکی فراوانو میهرەبانی مامەڵە لەتەك کێشەکەدا بکات، دەکرێ لە ماوەی دوو ساڵی ئایندەدا بنەمای پێکهاتەیەکی هەمیشەیی دابنرێ.

گرفتەکە یەکجار گرنگەو حکوومەت پێویستە پشت گوێی نەخات. هیوادارم بەڕێزتان زوو بیخەنە بەردەستی کابینەکە.

ڕاوێژکار

پاشکۆکان/

١– گوتەیەك کە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی مووسڵو لیواکانی هەولێرو کەرکووكو سلێمانی دەردەخات.

٢– ئاماری کارمەندان بەپێی نەتەوەیان.

### ئاماری نەتەوەکانی ناوچە کوردیەکان بەپێی بەپێی دوا شێوازەکان (شوبات ١٩٣٠)

| لیوا | کورد | عەرەب | تورکمان | جولەکە | کریستیان | فارس | ئاشووری | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٨٣٤٣٠ | ٤٤٩٢ | ٩٩٢١ | ٣٢٢٥ | ٢٦٨٩ | ٢٨٧ | ٢٠٩٠ | ١٠٦١٣٤ |
| کەرکوک | ٦٧٧٠٣ | ٢٦٥٦١ | ٢٨٧٤١ | ٨٤٧٢ | ١٢٢٨ | - | - | ١٣٦٧٠٥ |

### لیوای مووسڵ:

### قەزا کوردیەکان

| ناوی قەزا | عەرەب | کورد | ئێزدی | ئاشووری | کریستیان بە گشت بیرو بڕوایانەوە | جولەکە | سەرجەم | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زاخۆ | ١٩٨ | ١٨٧٣١ | ٥٠٠ | ٣٤٠ | ٥٦١٤ | ١٤٧١ | ٢٦٨٥٤ | - |
| ئامێدی | - | ٢٠٩١٤ | - | ٣٤١٦ | ٥٨٨٢ | ٧٣٢ | ٢٧٩٤٤ | - |
| زێبار | - | ٩٩٠٠ | - | ٨٠٠ | ١٥٠ | ١٠٠ | ١٠٩٥٠ | - |
| ئاکرێ | - | ١٢٦٧٥ | - | ٤٠٠ | ٧٣٧ | ١٠٠٠ | ١٤٨١٢ | - |
| دهۆك | ٥٦٤٥ | ١٦٦٤٥ | ١٦٩٢ | ٤٥٣٦ | ٢٣٨٨ | ٨٤٣ | ٣١٧٥٣ | - |
| سەرجەم | ٥٨٤٧ | ٧٨٨٦٥ | ٢١٩٢ | ٩٤٩٢ | ١١٧٧١ | ٤١٤٦ | ١١٢٣١٣ | - |

### لیوای سلێمانی:

| | کورد | عەرەب | تورکمان | جولەکە | کریستیان | فارس | ئاشووری | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیوای سلێمانی | ٩١٤٢٦ | ٣٧ | - | ١٣٢٧ | ١٤٨ | - | - | ٩٢٩٣٨ |

### ڕێژەی کورد:

لیوای هەولێر: ٧٨,٦

لیوای کەرکوك: ٤٩,٥

لیوای مووسڵ (قەزا کوردیەکان): ٧٠

لیوای سلێمانی: ٩٩



### فەرمانبەرانی لیواکانی هەولێر و کەرکووك و سلێمانی و دەڤەرە کوردیەکانی لیوای مووسڵ:

### خشتەیەك ژمارەی کارمەندانی کورد و ڕەگەزەکانی تر پێشان دەدات:

| | فەرمانبەری (Gazetted) | | فەرمانبەر (Non-Gazetted) | | سەرجەمی فەرمانبەران | | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کورد | هی تر | کورد | هی تر | کورد | هی تر | ژمارەی عەرەب لە نێوان دوو کەوانەی دوای کۆی فەرمانبەراندا نووسراوە. |
| کارگێڕی (گشتی) | ٤٣ | ٢٥ | ٦١ | ٤٩ | ١٠٤ | (٢٤) ٧٤ | لەم دوا ئەنجامانەوە دەردەکەوێ لە کۆی ٧٣١ کارمەندی لیواکانی باکوور, لەکاتێکدا ئاماری مووسڵ تەنها هی ناوچە کوردیەکانە, ٣٢٤ کوردن. ئەگەر ئاماری کەرکووکیش لەمە دەربکرێ, هێشتا لە کۆی ٥٠٢ فەرمانبەری ناوچە کوردیەکان ٢٧٩ کورد و ١٠٧ عەرەب و ٦٢ تورکمان و ٥٤ کریستیان و جوولەکەو هتدن. ئاماری بەشەکان دەریدەخەن لەم فەرمانگانەی خوارەوەدا بایەخی ئەوتۆ نەدراوەتە جێبەجێکردنی گفتەکە. |
| کشتوکاڵ | - | ٣ | ٤ | ١٨ | ٤ | (١٧) ٢١ | |
| ئەوقاف | ٤ | ٢ | ٣ | ٢ | ٧ | (١) ٤ | |
| ئامار | - | ١ | ٢ | ٣ | ٢ | (١) ٤ | |
| گومرك | ٢ | ٥ | ٧ | ٢٠ | ٧ | (١١) ٢٧ | |
| پەروەردە | ١ | ٢ | ٧٩ | ١٠١ | ٨٠ | (٣١) ١٠٣ | |
| دارایی | ١ | ٢ | ٥٢ | ٣٩ | ٥٣ | (٩) ٤١ | |
| تەندروستی | - | ٨ | ٦ | ١٥ | ٦ | (٩) ٢٣ | |
| بەندیخانە | - | ١ | - | ١ | - | (١) ٢ | |
| دادگا | ٩ | ٧ | ١٦ | ٩ | ٢٥ | (٦) ١٦ | |
| پۆلیس | ٣ | ٩ | ١١ | ٣٦ | ١٤ | (٢٧) ٤٥ | |
| پۆستەو گەیاندن | ١ | - | ٧ | ١١ | ٨ | (٦) ١١ | |
| خزمەتگوزاریی گشتی | - | ١ | ٤ | ١٧ | ٤ | (٩) ١٨ | |
| ڕوپێوی | - | - | - | - | - | - | |
| تاپۆ | - | ٥ | ٧ | ٧ | ٧ | (٨) ١٢ | |
| تەندروستیی ئاژاڵ | - | ١ | ٣ | ٥ | ٣ | (٤) ٦ | |
| سەرجەم | ٦٤ | ٧٤ | ٢٦٠ | ٣٣٣ | ٣٢٤ | (١٦٥) ٤٠٧ | |
| | ١٣٨ | | ٥٩٣ | ٧٣١ | | (١٦٥) | |

**تێبینی: ئەم خشتانە وێنەیان لەناو ئەسڵی بەڵگەنامەکاندا نەبوو، بەڵام لەبەر بایەخی زۆریان ناچاربووین لەکتێبی (سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت، نەوشیروان مستەفا ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩ - سلێمانی) لاپەڕە ٧٦-٧٧، وەریبگرین.**

## بەڵگەنامەی (٤)

شەقامی داونینگ (Downing)
مایسی ١٩٢٩

٦٨٣٢٨/ ٢٩

بەڕێز مۆنتیاگڵ "Monteagle"

هاوپێچ، نامەیەکی سێر گیڵبەرت کلەیتۆن (Sir Gilbert Clayton)تان لەبارەی داخوازینامەکانی کوردەوە بۆ دەنێرم، بۆ زانیاریتان.

دڵسۆزتان
شوکبێرگ (Shuckburgh)

لۆرد مۆنتیاگڵ، سی. ئێم. جی.، ئێم. ڤی. ئۆو



## هاوپێچی بەڵگەنامەی (٤)

نهێنی
ژمارە:

بەغداد، ٢٢ی نیسانی ١٩٢٩

بەڕێز شوکبێرگ

جووڵانەوەی جیاییخوازی لە لیوا کوردیەکاندا، ئەم دواییە، سەری هەڵداوەتەوەو چەند داخوازینامەیەك بۆ شای عیراق و سەروەزیرو مـن نێردراون، جگە لە چەند دانەیەکی بێناوی توندیش کە پشکنیارە ئیداریەکانی ناوچە کوردنشینەکان ناردوویانن.

زمانی داخوازینامەکان تاڕادەیەك نەرمەو زیاتر باس لەوە دەکەن کە کارئاسانی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی بکرێ‌و کوردەکان خۆیان لیواکانیان جیابکەنەوە.

شای عیراق و کۆڕنواڵیس (Cornwallis) پێشنیاریان کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بزووتنەوەیە هەر لە سەرەتاوە بکرێ، تا نەبێتە جێی مەترسی. دیارە بەشێکی ئەمەیش بە هۆی قەیرانە وەزاریەکەوەیەو، بەشێکی دیکەیشی بۆ هاتنی من بۆ ئێرەو پشتیوانیم لە خواستی کورد دەگەڕێتەوە. بۆیە پێم باش بوو بۆچوونی خۆم لەمەڕ ئەم بابەتە بە حکوومەتی عیراق ڕاگەیەنم‌و نامەیەکم بۆ سەروەزیر نارد کە وێنەیەکی لەگەڵ ئەم نووسراوەدا دەگاتە بەڕێزتان.

ویستم ئەم مانگە سەر لە لیوا کوردیەکان بدەم، بەڵام چونکە قەیرانە وەزاریەکە هێشتا چارەسەر نەبوە، ناچار گەشتەکەم هەڵوەشاندەوە. جا بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هەڵە ڕوونەدا، بە پەسندم زانی لە بارودۆخەکە ئاگادارتان بکەم: پێدەچێ داخوازینامەکان بگەنە وەزارەت یان شوێنەکانی تر.

دڵسۆزتان
گیڵبەرت کلەیتۆن

سێر جۆن ئی. شوکبیرگ، کەی. سی. ئێم. جی، سی. بی.

ژمارەی تۆمار:
ئی. ٣٢٤٩/ ٢٥٥٨، ٩٣
لە: وەزارەتی کۆڵۆنیەکانەوە
ژمارە: ٧٨٣١٥/ ٣٠
ڕۆژ: ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠
١٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠ گەیشتووەتە تۆمارگا

**هەڵوێستی کورد لەعیراق**

ئاماژە بە نامەی: "ئی. ٢٥٥٨/ ٢٥٥٨/ ٩٣"ی ١٧ مایسی وەزارەتی کۆڵۆنیەکان، وێنەیەکی دیداری ٢٠ مایسی مەندووبی سامی لە عیراقو شافەیسەڵ سەبارەت بە یاسای پێشنیارکراو بۆ بەڕەسمیکردنی زمانی کوردیو پێکهێنانی ناوچەی خوێندنی کوردیو چالاکیی کۆمەڵە کوردیەکانو پەیوەندیەکانی عیراق لەگەڵ تورکیاو ئێراندا دەنێرم بۆتان.

وێنەیەکی نێردراوە بۆ وەزارەتی هێزی ئاسمانی.





**دیداری ٢٠ی مایسی ١٩٣٠ی مەندووبی سامی لە عیراقو شا فەیسەڵ**

**کوردی عیراق**

مەندووبی سامی بیری خاوەنشکۆی هێنایەوە کە زووتر ڕازی بوو گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی کوردەکانی عیراق بکەن. پاشان دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوت کێشەکە تاووتوێ بکاتو پێشنیاریشی کرد شا فەیسەڵ سەرێك لە ناوچە کوردیەکان بدات. هەروەها پێی باش بوو، ئەگەر خاوەنشکۆ ڕازی بێ لە مەسەلەکە بدوێن. ئەو لە سەری ڕۆیشتو, وتی بە ڕای ئەو: حکوومەت کارێکی باشی کردووە کە ڕایگەیاندووە نیازیەتی یاسای بە ڕەسمیکردنی زمانی کوردی لە هەرێمی کورداندا دەربکات. بەڵام قسەکانی سەرووەزیر لەمەڕ دامەزراندنی کارمەندان لە ناوچە کوردنشینەکاندا کە گوایە پێویست ناکات تەنها کوردبن، بەڵکوو دەکرێ کوردی بزانن، دەبێ تا کاتی کارپێکردنی یاساکە دوابخرێ.

شا فەیسەڵ تەواو کۆك بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ حکوومەت ڕێگە بدا کوردی وەکوو زمانێکی ڕەسمی بەکار بێ، بەڵام دەترسا جموجووڵی هەندێ کۆمەڵی سیاسیی کورد لە عیراق ببنە مایەی تێکدانی پەیوەندیەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئێرانو تورکیادا. دیدو بۆچوونی حکوومەتی عیراقو بارەگای مەندووبی سامی جیاواز بوون. چارە پێشنیارکراوەکان، بەلای حکوومەتەوە، ئەو کوردانە بەردەوام ڕازی ناکات کە خواستەکانیان، سەرباری هەر کارێك کە بۆیان بکرێ، پتر دەبن، تا دواجار لەپێناوی یەکگرتنەوەو سەربەخۆییدا دەست دەدەنە تێکۆشان. ئەمەیش شەڕی عیراقو تورکیاو ئێران بەدوای خۆیدا دێنێ. کەچی بە ڕای بارەگا، دەکرێ هەروەکوو سکۆتلەندیەکانی

بریتانیا مامەڵە لەتەک کورددا بکرێ. هاوکات دەبێ ئەوەیش بزانرێ کە هەڵوێستی هەردوو نەتەوە لەیەک جیان.

مەندووبی سامی هەروەها ڕوونی کردەوە کە هەڵوێستی سکۆتلەندیەکانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیاو کوردەکانی عیراقی بەراورد نەکردووە، بەڵام مامەڵەی باش کرۆکی پەیوەندیی بریتانی و سکۆتلەندیەکانە. بریتانیەکان دانیان بە ماف سکۆتلەندیەکاندا ناوەو ناسنامەو نەریتی نەتەوەییان پاراستوون، بەم جۆرە یەکیان گرتووە. بۆیە پێی وابوو ئەگەر سیاسەتێکی وەها بەرامبەر بە کوردی عیراق پێڕەو بکرێ، ئەنجامێکی هاوشێوەی لێ دەکەوێتەوە. مەندووبی سامی ڕایگەیاند: جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی حکوومەت کە بە کوردی داون، خاڵێکی سەرەکییەو سیاسەتی ڕاگەیەنراو ڕاست و دروستە، تەنها ماوەتەوە بزانرێ کاری لەسەر کراوە یان نا.

خاوەنشکۆ، دووپاتی کردەوە کە هاوڕای مەندووبی سامییە. بەڵام هێشتا وای هەست دەکرد کە دەبێ جموجووڵی کۆمەڵە سیاسیە کوردیەکان سەرکوت بکرێ، چونکە زیان بە عیراق و کوردەکان خۆیشیان دەگەینێ.

مەندووبی سامی ئەو هەنگاوە خێرایانەی بیری خاوەنشکۆ هێنایەوە کە حکوومەتی عیراق و بارەگای مەندووبی سامی ناویانن بۆ ئەوەی عیراق نەبێتە مقاشی پیلانی کوردەکان دژی هاوسێ دۆستەکانی، بەڵام ئیشارەتی پێدا کە هەرچەندە پێی وایە شاڵاوی دوژمنایەتیکردنی دراوسێکانی عیراق دەبێ دابمرکێنرێتەوە، پێویستە ئەو کۆمەڵ و تاقمە سیاسیانەی وا چالاکیەکانیان بەو ئاڕاستەیەیەو ئەوانەیشی کە ئامانجیان بەرگریکردنی ڕەوایە لە بەرژەوەندیەکانی کورد لە عیراقدا، وەکوو یەک تەماشا نەکرێن. خاڵی ڕاستەقینەی گرنگ و بەکردەوە، هاوکات، بێهیوانەکردنی کوردەکان بوو لەو گفتانەی کە حکوومەت پێی داون. ئەو بەڵێنانە، بەتایبەتی هی یاسای زمان و پێکهێنانی هەرێمی خوێندنی کوردی، دەبێ بەپەلە جێبەجێ بکرێن.



شافەیسەڵ ڕازی بوو، هیوای خواست مەندووبی سامی هەر کاتێ هەست بکات حکوومەتی عیراق پەیمانەکانی تایبەت بە کورد جێبەجێ ناکات، ئاگاداری بکات.

ڤی. ئێچ.
١٩٣٠/٥/٢٠

## بەڵگەنامەی (٦)

**برووسکەی ناودارانی سلێمانی بۆ وەزیری کۆڵۆنیەکان**

**ڕۆژ: ١٠ی تەمووزی ١٩٣٠**

**(سەعات ١٣:٧ی ١٠ی تەمووزی ١٩٣٠ گەیشتووەتە وەزارەت)**

ڕێککەوتنی نوێی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو عیراق دان بەو مافانەدا نانێ کە بە کورد دراون، هەرچەندە داوا لە مەندووبی سامی کراوە ئەمەو جێبەجێکردنەکەیشی بخاتە ڕێککەوتنەکەوە. بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین بمانپارێزن‌و مافەکانمان بسەلمێنن‌و خواستە نەتەوەییەکانمان دەستەبەر بکەن.

ناودارانی سلێمانی:

عەزمی بابان، عەبدولقادر حەفید، حەمە ئاغا، عیزەت عوسمان پاشا، حەمدی ڕەشید پاشا، شەفیق ڕەشید پاشا، عەبدوڕڕەحمان ئەحمەد پاشا، فایەق بابان، تۆفیق قەزاز.

ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە.



## بەڵگەنامەی (٧)

**(ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە)**

**ژمارە: ٨- ئەرشیڤ**

ڕۆژهەلاتی (عیراق) ١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٠

نهێنی بەشی ١

(ئی. ٤٩٧٦/ ١٩٣٢/ ٩٣) ژ:١

لە سێر جی. کلارکەوە بۆمستەر ئەی. هندرسن (١٥ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە: ٣٥٠ قوستەنتەنییە، ٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠

بەڕێز،

خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەم کە جەنەراڵ نووری پاشای سەروەزیری عیراق ئەم هەفتەیە لە تورکیاوە گەڕایەوە عیراق.

٢- بە داخەوە نووری پاشام تەنها لە قوستەنتەنییە بینی، کە هێشتا سەری لە وەزیری دەرەوەو عیسمەت پاشا لە ئەنکەرەو غازی لە یالۆڤا نەدابوو. ئەو ڕۆژەی وا بەڕێزی لە پایتەخت دەهاتەوە، من بەرەو ئەوێ دەچووم‌و بەر لەوەی بگەڕێمەوە، ئەو بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتبوو. بەڵام هاوکارێکم، بە خۆشحاڵییەوە، پێشوازیی کردبوو.

٣- بە قسەی نووری پاشا سێ مەسەلەی سەرەکی باس کراون:

ئ) کێڵگە نەوتەکانی مووسڵ

نووری پاشا وتی تێبینییەکی تورکیی نووسراوی باڵیۆزی لە لەندەن دیوەو بە ئاشکرا بە تورکەکانیشی وتووە کە جێی بڕوا نییە. ئەو هەروەها ئیشارەتی پێدا کە قازانجی عیراق لە قۆرخکردنی نەوتەڵانەکان نۆ ئەوەندەی دەستکەوتی تورکیایە، بۆیە هەوڵی ڕاستەقینە دەدات, خێرا ئەو نەوتەڵانانە

پەرە پێبدرێن. نووری پاشا دەیزانی مەسەلەکە هێشتا لەژێر چاودێریدایە، پێی وابوو چەند داوایەك بۆ زوو خەرجکردنی مووچە لەئارادایە، هیواداریش بوو ڕۆژانی داهاتوو لەمە زیاتر ئاگادار بێ. ئەو هەستی دەکرد کە تورك گوێ ناداتە پلانی بۆریە نەوتەکان، چونکە بۆی دەرکەوتووە فەرەنسە چاوی لە باکوورو بریتانیایش لە باشوور بڕیوە.

ب) سنوور

تورکەکان بە نووری پاشایان وت لە سیاسەتی تایبەت بە کوردانی عیراقو هەڵوێستی گشتیی ساڵی ١٩٢٦ بەدواوەی تایبەت بە کێشەی سنوور، تەواو ڕازین. نووری پاشا ئاماژەی پێدا، دوا باسی حکوومەتی عیراق کێشەی سنوور بوو، هەروەها تورکیای دڵنیا کردەوە کە ڕێگە ناداتە هیچ جۆرە پیلانێکی کورد. تورکەکان باسی ڕووداوەکانی بارزانیان کردبوو، نووری پاشا وەڵامی دابوونەوە کە: عیراق خۆی ئەمساڵ چارەسەری شێخی بارزان دەکاتو سێ ساڵە مەسەلەکەی لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەمیشەیی سنووردا خستووەتە ڕوو، بەڵگەیشیان لەبەردەستدایە کە شێخ چەكو هاوکاریی لە چەند سەرچاوەیەکی سەربەخۆی تورك، ئەگەر لە حکوومەتی تورك خۆیشیەوە نەبێ، وەرگرتووە. نووری پاشا بەگومان بوو پیلانەکانی شێخ دوایی بێن، بۆیە دەیویست لە حکوومەتی تورك نزیك بێتەوە، تاکوو لە دیوی خۆیەوە سنوورەکان مەحکەم بگرێو، حکوومەتەکەی خۆیشی لەو دیوەوە بەرەنگاری شێخ ببێتەوە. ئەمساڵ تازە درەنگە، بەڵام ئەگەر گرفتەکە درێژە بکێشێ، ڕەنگە ئەم پێشنیارە، بەهاری داهاتوو، بخاتە بەردەستی حکوومەتی تورك.

ج) ڕێککەوتننامەی بازرگانی

تورکەکانو نووری پاشایش، هەروەکوو خۆی وتی، زۆر پەرۆش بوون ئەم مەسەلەیە زوو تەواو بکەن. ڕێیتێدەچێ مانگی داهاتوویش لەبارەی ڕێککەوتنی یاساییەوە بگەنە یەك. تورکەکان پێیان وتبوو ڕێککەوتننامە بازرگانیەکە پێویستە چەند بەندێکی (شوێنی دالدەو پەناگە) لەخۆ بگرێ،



ئەویش وەڵامی دابوونەوە کە ئەو قسە لەم بابەتە ناکات، بەڵام ئەوان دەتوانن بە ڕێگەی ئاسایی داواکەیان بکەن.

نووری پاشا لە دیدو بۆچوونی تورکەکانی لەمەڕ ڕێککەوتنە تازەکە پرسی, ئەوانیش وتوویانە حکوومەتی کرێکاران دوای شەڕ دوو کاری زۆر گرنگی کردووە: یەکەم: ڕێککەوتننامەی دەریایی لەندەن، دووەم: ڕێککەوتنی بریتانیا– عیراق. تورکەکان ئەمی دواییان زۆر لاپەسند بوو، بەڵام فەرەنسە داوای لێ کردبوون لە چاپەمەنیە تورکیەکانەوە ڕەخنەی ئەوەی لێ بگرن کە گوایە عیراق دەخاتە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی بریتانیاوە. ئەمانیش وەڵامی فەرەنسیەکانیان وا دابووەوە کە ڕێککەوتنەکە، نەك تەنها بۆ تورکیا، بەڵکوو بۆ عیراق خۆیشی زۆرباشە. تۆفیق ڕوستوو بەگ وتی، لەکاتێکی گونجاودا، بابەتێك بە قازانجی ڕێککەوتنەکە بڵاودەکاتەوە. نووری پاشا ئەمەی گەلێ پێ باش بوو، چونکە هەڵوێستی پەسندی تورك لە ئاستی ڕێککەوتنەکە، بۆ ئەو، لە بەغدا زۆر گرنگە .

تورکەکان سەبارەت بە هەڵوێستی بریتانیای مەزن بەرامبەر بە تورکیا ، چونکە هەستیان کردبوو بریتانیا لە ئاستیاندا خەمساردە، هاوکات پێیشیان وا نەبوو درێژە بکێشێ. لە نووری پاشایان پرسی. نووری پاشا بۆی ڕوون کردنەوە کە گومانی تێدا نییە بۆ تورك خۆی چاکترە چەند نیشانەیەکی ڕاستەقینەی دۆستایەتی پێشان بدات. ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە تورکیا هێشتا زۆر پەیوەستی ڕووسیایە.

نووری پاشا ڕاپۆرتەکانی لۆرێنسی بە (زۆر بێ مانا) ناو برد. خۆی کۆڵۆنێل لۆرێنسی لە لەندەن دیبوو و لەگەڵی ئاخاوتبوو. لۆرێنس یەکجار خۆیشی لە بیستنی ڕاپۆرتو هەواڵ دەهات. تورکەکان وتیان: باوەڕیان بە ڕاپۆرتەکانی لۆرێنس نەبوە، چونکە هەروەك پیلانەکانی یەکەمجاری (١٨) مانگ لەمەوبەری ئەفغانستانی، لە سەرچاوە فەرەنسیەکانی وەرگرتوون. تورکەکان بڕوایان وابوو فەرەنسە هەموو هەوڵێك دەدات ڕێ لە گەشەکردنی پەیوەندیی دۆستانەی تورکیاو بریتانیای مەزنو عیراق بگرێ.

٤- دوێنێ کە وەزیری کاروباری دەرەوەم دی، خێرا سوپاسی نووری پاشای کردو، وتی تەواو لە مەسەلەی سنوورو هەڵوێستی بەرامبەر بە کوردی عیراق ڕازییە.

٥- بەڕێزی، سەبارەت بە مەسەلەی نەوت، لەو بیرو بۆچوونانە نیگەران بوو کە سەرەتای قۆرخکردنی داهاتی (٢٥) ساڵی نەوتیان دوادەخست. تورکیا دەبێ (١٠٪)ی قازانجی فرۆشتنی نەوت وەربگرێ.

بیست و پێنج ساڵەکە، بەپێی ڕێککەوتنی ئەنگۆرە، لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە دەست پێدەکات، بەڵام تۆفیق ڕوستوو پێی وابوو ساڵێك یان دوو دوا دەکەوێ. وەڵامێکی تەواوم لە نووسراوی ژمارە (٥٣٦)ی (١)ی ئەم مانگەتاندا کە بۆ فەرید بەگ نێردرابوو، خوێندەوە. هیوادارم ئەو نووسراوە ترسی تۆفیق ڕوستوو بڕەوێنێتەوە. پێویست ناکات بچمە ناو باسی زیانە سیاسیەکانی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیاو وا دەرکەوتنمان کە گوایە هانی عیراق بە هەر شتێ دەدەین کە تورکیا وا لێك بداتەوە مەبەستمانە، هێندەی بکرێ، ئەو کاتە دوابخەین کەوا دەبێتە سەرەتای پارەوەرگرتنی تورکیا.

جۆرج ئاڕ. کلارك

سەرنج:

وێنەیەکی ئەم نووسراوەم بۆ جێگری مەندووبی سامی لە بەغدا ناردووە.

جی. ئاڕ سی.



## بەڵگەنامەی (٨)

**یاداشتێك لەبارەی گفتوگۆی ئەنکەرەی نێوان نووری پاشا ئەسسەعیدو سەروەزیری دەرەوەی تورکیاوە**

وتوویژەکان لەگەڵ عیسمەت پاشاو تۆفیق ڕوشدی بەگ لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کۆبوونەوە:

١- مەسەلەی ئاسایشی سنووری تورکیا- عیراق کە لە ڕێککەوتننامەی سێ لایەنەی ساڵی ١٩٢٦دا خراوەتە ڕوو.

لە دانوستانەکانەوە دەرکەوت: کە تورکیا زۆر پەرۆشە ڕێگە لە تاقمی خراپەکاری ناوچەکانی شێخی بارزان بگرێ. ئەم نیگەرانیەی ئەوانم پێ سەیر بوو، چونکە ماوەیەك بوو دەمزانی شێخی بارزان لە خاکی تورکیاوە هاوکاری دەکرێ و هەندێ چەکیشی وەرگرتووە. کە عیسمەت پاشا لێی پرسیم ئایا ئێمە باوەڕ دەکەین حکوومەتی تورك شێخی بارزانی هان دابێ و چەك و تەقەمەنیی دابێتێ؟ وەڵامم دایەوەو وتم: (( دڵنیا نیم، بەڵام حەقمانە وا باوەڕ بکەین کە هاوکاریەکان بە سنووری تورکیادا دێنە ئەم دیو، ڕێپیشیتێدەچێ سەرخێڵە کوردەکانی تورکیا دابینی بکەن )).

ئەنکەرە ئامادە بوو هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور کۆبکاتەوە. ئەگەر حکوومەتی عیراق بیەوێ هێرش بکاتە سەر شێخی بارزان، ئەوا هێزەکانی تورك دەتوانن هەر پەنابەرێکی کوردی دزەکردوو بۆ ناو خاکی تورکیا دەستگیر بکەن و بیدەنەوە دەست عیراق. من بۆ ئەم هەڵوێستە سوپاسم کردن و وتم ئەگەر حکوومەتی عیراق بڕیار بدات بەرەنگاریان ببێتەوە، ئەوا بەهار، نەك پایز، باشترین کات دەبێ بۆ ئەم کارە. پایزان وەرزی باران دەست پێ دەکات، ڕێگەوبان خراپ دەبن، خۆ ناوچەکەیش هێشتا لەگەڵ حکوومەتێکی مەدەنیدا

ڕانەهاتووە. بۆیە ئەم وەرزە بەکەڵکی کاری فراوانی عەسکەری نایێ. ئەم هۆکارانە هەموو دەبنە مایەی پچڕانی کردەوە عەسکەریەکەو دەرفەت تەواو دەدەنە جەنگاوەرانی شێخ، خۆیان بۆ بەرگریکردن سازبکەن. سەرەنجام کارەکە دوادەکەوێ‌و سەخت بە ئاکام دەگات.

١٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠ چاوم بە کارهەڵسووڕێنی تورك لە بەغدا کەوت. پێی ڕاگەیاندم کە کارە عەسکەریەکانی ئەم دواییەی سوپای تورك لە هەرێمی ئاڕاڕات دوایی هاتوون‌و، سوپاکە نێردراوەتە ناوچەیەکی تری ڕۆژئاوای گۆمی وان. هیوایشی خواست ئەم ئۆپەراسیۆنانە لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی بێن. ناوبراو هەواڵەکەی ئەنگۆرەیشی پشت ڕاست کردەوە کە سوپای تورك لەسەر سنووری عیراق– تورکیا کۆدەکرێنەوەو تا دەمی دەستپێکردنی هێرشی حکوومەتی عیراق بۆ سەر شێخی بارزان، لەوێ دەمێننەوە. من سوپاسم کردو دڵنیام کرد کە حکوومەتی عیراق، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، هێشتا بیری لە کارێکی وەها نەکردووەتەوە. خۆ ئەگەر بڕیاریش بدات، ئەوا مانگی مایس باشترین کاتە بۆ دەستپێکردنی ئەم کارە.

٢– مەسەلەی نەوت

سەبارەت بە سەرنجەکانی حکوومەتی تورك لەمەڕ کێشەی نەوت‌و لە وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا کە داوێتیە وەزارەتی ناوبراوو حکوومەتی عیراق، ڕوونم کردەوە کە داوام لە کۆمپانیاکە کردووە زوو دەست بە کارو خستنە بازاڕی نەوت بکات‌و خێرا بڕێك پارە بدات. هەروەها داوایشم کرد ناوچەی مۆڵەتپێدراو دیاری بکرێ، بەمەرجێ لەوی ئێستای کۆمپانیاکە بچووکتر بێ، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێتە عیراق لەڕێی کۆمپانیایەك یان زیاترەوە نەوتی، زیاتر لە بەشی خۆی، دەست بکەوێ. لەسەر بڕی داواکراوو ناوچەی ڕێپێدراو تائێستا ڕێ نەکەوتووین. سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی عیراق، لەڕێی بریکاری بەغدایەوە، داوای لێکردووم تا سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبەر مۆڵەتی



بدەین بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەسەر گرفتی کۆمپانیا پێکهێنەکانی کۆمپانیای پەترۆڵی عیراقدا زاڵ بێ.

بۆ سەروەزیری تورکیام ڕوونکردەوە: قازانجی عیراق لەم بوارەدا لە هی تورکیا زیاترە. دواجار بۆ حکوومەتی عیراق وا باشترە، ئەوەندەی کە لەتوانادا بێ، خۆی سەرچاوەکانی نەوت بەکار بێنێ‌و هەوڵ بدا ئەم تەنگوچەڵەمەیە چارەسەر بکات.

٣– ڕێککەوتننامەی ئابووری

ڕێککەوتننامەی پێشنیارکراوی ئابووری لەگەڵ تورکیا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ. بە سەروەزیری تورکم وت: حکوومەتی عیراق پێنج مانگ زیاترە پڕۆژەکەی خستووەتە ڕوو، بەڵام دواکەوتنی بۆ لایەنی پەیوەندیداری ئەنگۆرە دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە. ئەویش پەشیمانیی خۆی لەمە دەربڕی‌و گفتی دا، هەرچی زووە، وەڵامی پێویست بداتەوە. وەزیری دەرەوەی تورك ئاماژەی دا کە نیازیانە بڕگەیەکی تایبەت بە مافی نیشتەجێبوون بۆ دەقی ڕێککەوتننامەکە زیاد بکەن. منیش وتم کە گەڕامەوە بەغدا لەم مەسەلەیە دەکۆڵمەوەو، لەم بارەیەوە، ئەوەندەی کە بە من بکرێ، دەیکەم.

دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم کە کارهەڵسووڕێنی تورك لە چاوپێکەوتنەکەی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەغدامانـدا، تەواو خۆشحاڵیی خۆی بە ڕێککەوتنی نوێی یاسایی ڕاگەیەنراوی ١٦ ئەیلوولی بەغدا پیشان داو پیرۆزبایی سەرکەوتن‌و بە ئاکام گەیشتنیشی لە حکوومەتی عیراق کرد.

نووری ئەسسەعید.

بەڵگەنامەی (٩)

(ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە)

ژمارە ٨- ئەرشیڤ

ڕۆژهەڵات (عیراق)    ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

نهێنی    بەشی ١

(ئی. ٥٥٠٩/١٩٣٢/٩٣)    ژ: ١

لە سێر جی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٣ی تشرینی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٣٨٧

قوستەنتەنییە، ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم: نەقیب کۆڵۆنێل سێر هەمفریزی کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عیراق، (٤)ی ئەم مانگەو لەڕێگەی بەرەو بەغدایدا گەیشتە ئێرەو دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئێرەی بەجێهێشتو، بەرەو بەغدا کەوتەڕێ.

٢- (٥)ی تشرینی یەکەمو، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ سێر فرانسیس هەمفریزدا چووینە ئەنگۆرەو، ئەو لەوێ چاوی بە سەرکۆمارو سەرەوەزیرو وەزیری دەرەوە بەوەکالەتو جێگری کاتیی وەزیر کەوتو، ئەم بەیانیەیش وەزیری دەرەوەی بینی کە دوێنێ لە ڕووسیا گەڕابوەوەو، ئەمشەو دەچێتەوە ئەنگۆرە.

٣- بێگومان، کۆمیساری باڵا بابەتی ئەم دیدارانە بۆ نووسینگەی کۆڵۆنیەکان بەرزدەکاتەوەو، ئیتر پێویست ناکات من لێرە بەدرێژی لەسەری



بدوێم. بەڵام پێدەچێ بوارم هەبێ باسی کاریگەریی چاکی سێر فرانسیس هەمفریز بەسەر هەستی دەسەڵاتدارانەوە بکەم. ئەمە جگە لەوەی کەوا هەست دەکەم ئەم سەردانە پەیوەندییەکی گرنگی شەخسیی لەکاتێکی شیاودا دروست کردووەو، بۆ ئەوکاتە کەڵکی دەبێ کە کۆمیساری باڵا لەگەڵ عیراقدا تاووتوێی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە تورکیا دەکات.

٤- دەسەڵاتداران زۆر بەگەرمی پێشوازییان لە کۆمیساری باڵا کرد. دیداری غازیو کەشەکەو هەردوو خوانی نیوەڕۆ کە یەکەمیان وەکیلی وەزیرو دووەمیان من سازم دابوو و، سەرۆك وەزیریش، بە پێچەوانەی نەریتی خۆی ئامادەیان بوو، زۆر دۆستانە بوون. غازی دوو سەعاتو نیو باسی ڕەگەزەکانی (AUTOCHTONIC) [1] ی هیندو میزۆپۆتامیای بۆ کردینو، بەبێ پەردە، ڕای خۆی لەبارەی شائەمانوڵڵای پێشووەوە دەربڕیو، چیرۆکی نهێنیی پێوەندیی بە ئەنوەر پاشاوە، کاتێك لە دوا دەمەکانی فەرمانڕەواییدا بووە، بۆ گێڕاینەوە.

٥- کێشەی کورد کە کاری لە عێراقو تورکیا کردووە، لە چاوپێکەوتنە ڕەسمییەکانی ترماندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تری تورکدا، بە ڕوونیو گیانێکی دۆستانەوە تاووتوێ کرا. ڕاستەوخۆ گلەیی لە بێهێزیی عێراق نەکرا، کە بەهۆیەوە شێخی بارزان توانیویە یارمەتیی یاخیانی کورد بدات. حکومەتی عێراق، لەڕاستیدا، نەیتوانیوە هەرێمی شێخ بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات. داوا لە کۆمیساری باڵا کرا، حکوومەتی عێراق ڕازی بکات بەوەی کە پێویستە ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ قازانجی هەردوو وڵات دابنێ، بەڵام پێم وایە سێر. ئێف. هەمفریز توانیویەتی تورك قەناعەت پێبکات کە ئەمە بە زەبری ماددە دەکرێو، دیارە بەغدایش ئەمەی نییە. هەروەها دڵنیای کردنەوە کە گەڕایەوە خێرا حکوومەتی عیراق لە ڕاستیەکان ئاگادار دەکاتەوە. ئەمە جێی بڕواو ڕەزامەندیی تورکەکان بووە.

[1] ئەشێ Autochthonic بێ بە مانای ئەسڵیو بنەڕەتیو خۆوڵاتی. بەو پێیە ئەبێتە ڕەگەزە ئەسڵی یا خۆوڵاتیەکان .(س)

٦- سێر. ئێف. هەمفریز ئەمەی بەهەل زانیو، ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی سنوور بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنراوەو، شتی زیاتریش دەکرێ ئەگەر کۆمیتەکەو، بەتایبەتی ئەندامانی تورکیا، چالاکانەو بەرپرسانەتر کارەکانیان بکەن.

٧- سەردانی کۆمیساری باڵا، هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی برووسکەی ژمارە (٨٨)ی (٣)ی ئەم مانگەتاندا سەبارەت بە ئیحتیمالی کۆششی حکومەتی تورکیا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بردنە ناوەوەی سەرباز یان سازدانی ئۆپەراسیۆنی عەسکەری لە خاکی عیراقدا. خۆشبەختانە، بەڕێوەبەری هەمیشەیی، وەك لە برووسکەی ژمارە (١١)ی ئەمڕۆمدا ئاماژەم پێکردووە، باسی باری ئێستای سەربازانی سنووریی تورکی کردو، بۆ خۆیشی وتی: نیاز نییە داوای مۆڵەتی پەڕینەوە لە سنوور بکرێ. هەروەها ڕێنوێنیی نوێ بە ئەفسەری فەرماندەی تورك دراوە کە ڕێز لە یەکپارچەییی خاکی عیراق بگرێ.

٨- کۆپیی ئەم نووسراوەم بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغدا نارد.

جۆرج. ئار. کلارك



بەڵگەنامەی (١٠)

<u>(ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیایە)</u>

ژمارە ٨- ئەرشیڤ

| | |
|---|---|
| تورکیا | ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠ |
| نهێنی | بەشی ١ |
| (ئی. ٦٧٢١/١٩٣٢/٩٣) | ژ: ١ |

لە سێر. ئێف. هەمفریزەوە بۆ لۆرد پاسفیلد( ١٢ی کانوونی یەکەم بە وەزارەتی کۆلۆنیەکان گەیشتووە)

نهێنی

بەغدا، ٢٠ی ئۆکتۆبەر- ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٣٠

گەورەم لۆرد،

تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩، کە لەندەنم بۆ گرتنە دەستی کارەکانم لە بەغدا بەجێهێشت, باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە پێشنیاری کرد دوای نموونەی ئەوانە پێش خۆم بکەوەو بەئەنگۆرەدا گەشت بکەم، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە سەرەکیەکانی تورکیا بناسم. جا چونکە ڕێوشوێنی پێویستی گەشتەکەم بە میسرو فەلەستیندا تەواو بووبوون، جێبەجێکردنی داوای باڵوێز بۆ گەڕانەوەی ئەمساڵم، لە لەندەن دواکەوت.

٢- (٤)ی ئۆکتۆبەر گەیشتمە قوستەنتەنییەو، ڕۆژی دواتر لەگەڵ سێر. جۆرج کلارکدا چوومە ئەنگۆرە. پاش سەردانی عیسمەت پاشاو شوکری قایای وەکیلی وەزیری دەرەوە، نیوەڕۆ خوانێکی ڕەسمیی خۆشم بۆ سازکراو، ئەمجا چاوم بە مستەفا کەمال پاشا کەوت. غازی زۆر بەگەرمی پێشوازیی کردمو، سەرەتا لەبارەی ڕاپەڕینیی ئەفغانستانو، بەتایبەتی هۆکانی

مەرگەساتی ڕووخانی شائەمانوڵڵاوە پرسیی. من ڕوونم کردەوە، ئەمانوڵلا هەڵەیەکی کوشندەی کرد کە وای دەزانی پاڵەوانێکی خۆشەویستی جەماوەرەو، سوپایەکی بەئەمەکی لەپشتەو، دەتوانێ نوێکاریی کاریگەر بەسەر خێڵە نەزان و دواکەوتوەکاندا بسەپێنێ. وای دەبینی کە غازی لە تورکیا چیی کردووە، ئەمەیش ئەتوانی لە ئەفغانستان بیکات و، لە بیری کردبوو هەیبەتی خۆی و توانایی سوپاکەی و عەقڵیەتی هاووڵاتیانی، تەواو لەمان جیاوازن. سەربای ئەمە، وەزیری ناشارەزاو نادڵسۆز خیانەتیان لێکرد. من وتم: سۆزێکی زۆرم بۆ ئەمانوڵڵاو گەلی ئەفغان هەبوو و، دڵگران بووم کە هەوڵە باشەکانی بوونە مایەی ئەو کارەساتەی عەرشەکەی و ئازاری ناشایستەی خەڵکەکەی.

غازی ئەم شیکردنەوەیەی کێشەی ئەفغانستانمی پێ پەسندبوو، بەڵام وتی: لە گفتوگۆی ئەمانوڵلادا هەمیشە هەستی بە ناڕاستیی بۆچوونەکانی کردووەو، وایشی هەست دەکرد ئەولاوە ئۆتۆکراتە نەفام و کەللەڕەقە، شایانی بەزەیی نەبوە. ئیتر نازانم ئەم هەستە تاڕادەیەك توندە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە غازی لەبنەڕەتدا، بە ئامۆژگاریی سۆڤیەت، پشتگیریی ئەمانوڵڵای، بۆ بردنەوەی شەڕی ناوخۆ کردووە، یان نا؟

٣- ئەمجا هاتینە سەر باسی کۆن و ئیتنۆلۆجیا. غازی زۆری هەوڵ دا بیسەلمێنێ کە ڕەگەزەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا تورکە عوسمانیەکان یەك بنەچەیان هەیەو، خۆشحاڵبوو بەوەی کە بیستی سەرم لە نیشتمانی دێرینی تورکان لە ناوەڕاستی ئاسیا داوە. لەم وتووێژانەدا وتم: ساڵی (١٩٢٢) کاتێ نوێنەر بووم لە کابوول، داوای یارمەتیی پارەو چەکی لێکردم. بۆ ئەوەی BASMARCH بتوانن کۆتی سۆڤیەت بپسێنن. ئەم یادەوەرییە، وای لە غازی کرد چەند چیرۆکێکی پەیوەندیی لەگەڵ ئەنوەردا بگێڕێتەوە. وتی هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە شەڕێکی گەورەو، دژایەتیی ئەو سیاسەتەی ئەنوەریشی دەکرد کە دەیویست سەروەت و سامانی



وڵات بۆ ئەڵمانیا بەکاربێنێ. باسی سێ نامەی ئەنوەری کرد کە بۆیی نووسیبوون و، دەریاندەخست چەند کورتبین و بەهەڵپە بووە.

یەکەمیان، کاتی کودەتایەك کە ئەنوەری وەك دیکتاتۆرێك دەکردە تاکە دەسەڵاتدار، نووسراوەو، فەرماندەیی لەشکرەکانی قوستەنتەنییەو دەردەنیلی بە غازی بەخشیوە. ئەمیش داوای بینینی ئەنوەری کردبوو و، پێشنیارەکەیشی دابووە دواوە.

نامەی دووەم، دوای شەڕ لەمۆسکۆوە نووسرابوو و، پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئاسیای کردبوو، کە تورکیا و ئێران و ئەفغانستان و بوخارای دەگرتەوەو، کۆنترۆڵی بێگانەی بەسەرەوە نەدەبوو. لە غازی داواکرابوو، پەیوەندی بە کۆمەڵەکەوە بکات بۆ پتەوکردنی ئەو یەکێتییە. ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەو شوێنەی ئەنوەر نامەکەی لێنووسیبوو، ڕادەی سەربەخۆیی ئەو یەکێتییە ناکۆکەی دەسەلماند، بۆیە ڕازی نەبووبوو کار بۆ ئەو پڕۆژەیە بکات.

ئەنوەر نامەی سێیەمی، ماوەیەکی کەم پێش مەرگی، لە بوخارا نوسیبوو و، داوای پارەو چەکی بۆ ئازادکردنی KHANATESی ئاسیای ناوەڕاستی لەدەست سۆڤیەت کردبوو. ئەم نامەیە کە وەڵام نەدرابووەوە، مۆرێکی تازەی لێدرابوو و، خۆی تێدا بە "شای بوخاراو زاوای خەلیفە" ناو بردبوو.

هەستم کرد غازی، بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، دەیەوێ وەك کەسێکی ئاگادار لە مێژووی جووڵانەوە پانتۆرانی و پانئیسلامیەکانی ئاسیا، پێم بڵێ ئەو هەمیشە دژی ئەو بزووتنەوانەو هاوپەیمانیی ئاسیایی بووەو، ئێستا تورکیای نوێ دەڕوانێتە ڕۆژاوا. هاوکات ئەوەیش بە باڵوێزی خاوەنشکۆ ڕابگەیەنێ کە هاوپەیمانێتیی تورکیا لەگەڵ مۆسکۆدا ناچارییەو، ئێستایش کە پەیوەندیەکانی ئەنگلۆ- تورکی ماوەی چوار ساڵی سێر جۆرج کلارك لە قوستەنتەنییە پتەوبوونێکی دیارو بەرچاوی بەخۆوە دیوە، پەرەسەندنی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی ئینگلتەرە بە باشتر دەزانێ. دواجار غازی لە وەڵامی پرسیارێکمدا وتی: پێی وایە عێراق ڕێککەوتنێکی باشی ئیمزا کردووەو،

پەیوەندیشی لەگەڵ دراوسێکانی باشووریدا زۆر باشە. ئەم دیدارە دوو سەعاتو نیوی خایاندو، کەسێتیی زاڵی غازیو فراوانیی ئارەزووەکانیو جێگیریی ئامانجەکانیم، تێدا بۆ دەرکەوت.

٤- ڕۆژی دواتر عیسمەت پاشاو شوکری قایا سەریان لێدامەوەو، باسی پەیوەندیی تورکیا- عیراقو بەتایبەتی کوردستانمان کرد. ڕوونم کردەوە، سیاسەتی حکوومەتی خاوەنشکۆ، وەك هێزی مانداتی (دەسەڵاتدار)ی سەر عیراق، ئەوەیە کە قەناعەت بە عەرەب بکات بە سۆزو دادپەروەرییەوە لەگەڵ کورددا بجووڵێنەوەو، ڕازییان بکەن وەکوو هاونیشتمانییەکی دڵسۆزو بەختیار لە دەوڵەتی تازەی عیراقدا بژین. بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ هۆشمەندانە نییەو، مەحاڵە. ئەو پڕۆپاگەندانەیش کە گوایە حکوومەتی خاوەنشکۆ پشتگیری ئەم بیرۆکەیە دەکات، ڕاست نییە.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیش کە حکوومەتی عێراق چ هەنگاوێك دەنێ تا مافی پەنابەری بە کوردانی هەڵاتوو لە سوپای تورك بەرەو ئەو وڵاتە، نەدات؟ وتم حکوومەتی عیراق چیی پێبکرێ بۆ چەککردنی پەنابەرانی کوردو بەکارنەهێنانی خاکەکەی وەك بنکەیەك دژی تورك، دەیکاتو، دڵنیایشم کردنەوە کە نەبوونی هەر کارێکی خێراو کاریگەر، دەرەنجامی نەبوونی سەرچاوەکانی زانیارییە نەك هی نیازپاکی. هەروەها جەختم کردەوە کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی سنوور دەتوانێ لە سەقامگیرکردنی ئاشتیی سنووردا هاوکار بێ، ئەگەر گرنگی بەگەڕخستنی دەرەنجامەکانی بدرێ. ئەگەرنا، لایەنە ستەملێکراوەکان بەردەوام بەرێگەی خۆیان تۆڵەی خۆیان دەسەننەوە.

هەردوو وەزیر کە زۆر دۆستانە بوون، دڵنیایان کردم کە لە خواستی دۆستانەی حکومەتیعیراق ڕازینو، پەیمانیان دا، لە بەرگرتنی پەلامارەکانی سنووردا، هاوکاری بکەن. هێرشەکانی ئەم دواییە، کە دەشێ بەهۆی کشانەوەی پۆستە تورکیەکانی نزیك سنوورەوە بووبێ، وێرانکارییەکی بەرچاویان لە کوردستانی باشووردا کردووە.



٥- عیسمەت پاشا لەو نیوەڕۆ ئاهەنگەدا کە سێر جۆرج کلارك ڕێکی خستبوو، زۆر کراوەبوو و، چەند چیرۆکێکی لۆرد کورزۆن ( LORD CURZON)ی پێ ڕاگەیاندم کە سەرەڕای جیاوازیی زۆری سیاسییان، زۆر پێی سەرسام بووە. وتی هیچ گلەییەکی لە عیراق نییە، بەڵام هیوادار بوو: هەرچی زووە هەوڵ بدرێ شێخی بارزان کە زۆر هاوکاریی یاخییانی کوردی تورکیا دەکات، کۆنترۆڵ بکرێ. بیری هێنامەوە کە حکوومەتەکەی بەرژەوەندیی دارایی هەیە لە گەشەپێدانی نەوتەڵانەکانی مووسڵداو، وتیشی: ئەگەر حکوومەتی عیراق ڕێگە بدات بۆریەکان بە سووریادا تێپەڕن، ئەوا فەرەنسە دەرفەتی بۆ دەرەخسێ خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێو، ئیتر هەرگیز پێشبینیی ناکرێ فەرەنسە دەست لە مانداتی سووریا هەڵگرێ. بۆیە ئەدەنەی بە باشترینو سەلامەتترین ڕێگەی دەرچوونی نەوتی مووسڵ لەقەڵەم دا.

٦- ڕۆژی (٨)ی ئۆکتۆبەر لەگەڵ سێر جۆرج کلارکدا گەڕامەوە قوستەنتەنییەو، لەوێ چاوم بە تۆفیق ڕوشدیی وەزیری دەرەوە کەوت، کە تازە لە مۆسکۆ گەڕابووەوە. ئەو، نیگەران بوو لەوەی پێویستە فەرەنسە ڕازیبێ ( دەنووکی مراوی- BEC DE CANARD) کە بە قەراغێکی بێکەڵکی نێوان تورکیاو عیراقی دانا، چۆڵ بکات.

توانیم، بەهۆی باڵوێزی خاوەنشکۆوە، دانوستانی گرنگ لەگەڵ سەرجەمی ئەو گەورە بەرپرسانەدا ساز بکەم. پەیوەندیی شەخسییش بۆ کارەکانم لە بەغدا زۆر سوودبەخش دەبێ. من، بۆ بەرهەمو دەرەنجامەکانی ئەم سەردانە، قەرزارباری ڕێزو دووربینیی سێر جۆرج کلارکم.

٧- وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە ناردووە.

ئێف. ئێچ. هەمفریز
کۆمیساری باڵا لەعیراق

## بەڵگەنامەی (١١)

نهێنی — بارەگای مەندووبی سامی

ژمارە: پی. ئۆ. ٥٨ — بەغدا، ٧ی مارسی ١٩٣١

بەڕێز سەرۆوەزیر

ئاماژە بە هەردوو نووسراوی بەڕێزتان ژمارە (٦٤٦)ی ١٦ شوبات و (٨١١)ی ٤/٥ی ئادار سەبارەت بە سیاسەتی حکوومەتی عیراق لەمەڕ کورد ئەم نووسراوە بۆ بەڕێزتان دەنێرم.

٢- وەکوو بەڕێزتان ئاگادارن لە نووسراوی ١٨ی شوباتمدا نووسیومە پێم باش نییە هیچ کارێك لەسەر نووسراوی ئاماژەپێکراوی یەکەم بکرێن تاکوو یاسای زمانی خۆجێیی دەردەچێ. ئێستا ئەمەوێ وەڵامی نامەی یەکەمی بەڕێزتان بە درێژی بدەمەوەو لە خاڵەکانی ئەوی ٤/٥ی ئاداریشتان بدوێم. بەڕێزتان نووسیوتانە نازانن لە داوا بێژمارەکانی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ دەگەن یان نا، بۆیە لە هۆکارە ڕاستەقینەکانیان بەگومانن. هەروەها دەڵێن ئەگەر نارەزایی سیاسی نەبوایە، دەکرا ئەم داواکاریانە لە سنووری ناوچەی کوردەکان خۆیاندا، بەبێ ئەوە کە دەستکاریی ڕێکخستن و پەیکەری حکوومەت بکرێ و چەند پۆستێك لە بەغدا دابنرێن بهێڵرانایەوە. بەڕێزتان داوا دەکەن سنوورێك بۆ ئەو داخوازیانە دابنرێ کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بەناوی (ڕازیکردنی کوردان)ەوە دەیانکات، یا داواکان، هەرچۆن بن لە هەرێمە کوردیەکاندا بهێڵرێنەوەو دەستکاریی پێکهاتەی دەزگاکانی دەوڵەت نەکرێ. من دەمەوێ روونی کەمەوە کە نامەوێ دەست بخەمە ناو مەسەلەی ئازادیی کاری ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ گەر بیەوێ هەر پێشنیارێك، خۆی بە پەسندی بزانێ، بخاتەروو. بەڕێزتان و منیش دەزانین ئەو ئەرکی سەر شانیەتی، وەکوو کارمەندێکی حکوومەتی عیراق، ڕێنوێنیەکان بخاتە بەرچاو. ڕاوێژکار، مەبەستیەتی لە کاری کارگێڕی و گەیشتن بە ئاستی دەوڵەتێکی



خۆبەڕێوەبەرو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، هاوکاری حکوومەتی عیراق بێ. من بەڕێزتان لە ڕێنماییە ناوبەناوەکانی "سێر کیناهان کۆرنواڵیس" کە زۆر پیشتیوانییان دەکەم، دڵنیا دەکەمەوە, چونکە بڕوام وایە تەمومژی هەڵە لێکگەیشتنی نێوان کوردان و فەرماندارەکانیان، دەرەوێنێتەوە، ئیدارە دەخاتە سەر سکە، کەش و هەوایەکی برایەتی و نیازپاکیی وەها دەخوڵقێنێ کە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و فەرمانڕەوایی چاکی وڵات پێویستن. بێگومانم بەڕێزتان بایەخی تەواو دەدەنە ئەم ڕێنماییانە، چونکە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانە دەشێ نارەزایی و ئائارامیی چەند مانگی ڕابردووی ناوچە کوردنشینەکان، کە تووشی دڵەڕاوکێیان کردووم، نەهێڵێ. پێشنیارەکان، جگە لە باشترکردنی سیستمی کاری حکوومەت و هێنانەکایەی تۆنێکی نەرمتر لە ئاستی ئیدارەی کوردستاندا، مەبەستی تریان لەپشتەوە نییە، بۆیە پێویست ناکات بەڕێزتان لێیان نیگەران بن. هەڵبەت ئەگەر جارێکی تر چاو بە ڕێنماییەکانی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆو هەر ڕاوێژکارێکی دیکەدا بخشێنیتەوە، هەست دەکەی تۆێکڵی هیچ ئامانجێکی سیاسی نین.

٣- حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیام، بە برووسکەیەك، لەو وەڵامە ئاگادار کردووە کە وەزیری دەرەوە بۆ نوێنەری عیراقی ناردووە کەوا هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران بە نیازن داوانامەیەك لەمەڕ ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ئینتیداب بدەنە کۆمەڵی نەتەوەکان. من ڕاسپێردراوم بە بەڕێزتان بڵێم کە حکوومەتی عیراق متمانەی بە دەسەڵاتی کۆمەڵی نەتەوەکان لەق دەبێ, ئەگەر ئەوان هەر هەنگاوێك بۆ پشتیوانیی نارەزایی پیشاندراوی تورك و فارس بنێن. ئەم جۆرە هەنگاوانە دەشێ بکێشنەوە بۆ شێواندنی ئایندەی عیراق. هەواڵەکەیش وا بڵاودەکرێتەوە کە گوایە حکوومەتی عیراق پشتگیریی داواکاریەکان دەکات. سەرەنجام کاردانەوەکان سەخت دەبن، ئیتر حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا ناتوانێ بەرگری لە "سیاسەتی بەرامبەر بە کوردانی عیراق" بکات. دیارە ئەمەیش وەکوو کارێکی نادڵسۆزانەو ڕووکەشێك دەبینرێ بۆ گوشارخستنە سەر وڵاتانی بیانی. بە ڕای حکوومەتی بریتانیا،

مەسەلەی وەرگیرانی عیراق لە کۆمەڵی نەتەوەکان، لەم بارەدا، تەواو شکست دێنێ. بەڕێزتان دەزانن حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا وای نابینێ ئەو وەڵامەی کە بەڕێزتان بۆ نوێنەری عیراقتان لە ئەنکەرە ناردبوو، هیچی نوێی تێدا نەبوە، بەڵکوو پێی وایە وا دەگەیەنێ کە حکوومەتی عیراق پشتیوانیی سکاڵای هەردوو حکوومەتی ئیران و تورکیا دەکات. من پێشنیار دەکەم بەڕێزتان بۆ نوێنەری عیراق لە ئەنکەرە ڕوون بکەنەوە کە مەبەستی حکوومەتی عیراق ئەمە نییە.

دڵسۆزتان

ئێف. ئێچ. هەمفریز

بەڕێز/

نووری پاشا ئەسسەعید, سی. ئێم. جی، دی. ئەی. ئۆ.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

بەغدا.



## بەڵگەنامەی (١٢)

ژمارە: ٣١/٦/٨٢

باڵوێزخانەی بریتانیا

ئەنکەرە

١٦ی مارسی ١٩٣١

بۆ/ بەشی ڕۆژهەڵات.

برووسکەی ژمارە ١٠٨ی ١٨ی شوباتی مەندووبی سامی لە بەغدا بۆ وەزارەتی کاروباری کۆڵۆنیەکان ئاماژە دەداتە بڕیاری ئەم دواییەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە داخوازینامەیەکی کورد.

لەگەڵ نووسراوی ژمارە ١٤٨ی ٩ی ئادار (ئی. ٩٣/٣١/١١٠٤) شیکردنەوەی وەڵامی وەزارەتی کۆڵۆنیەکانمان پێگەیشتووە، بەڵام وێنەی داوانامەکە یا بڕیاری لەمەڕ ئەو مەسەلەیەمان لا نییە.

تکایە وێنەکانیانمان بۆ بنێرن.

دڵسۆزتان

چانسری

بەشی ڕۆژهەڵات،

وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

## بەڵگەنامەی (١٣)

شەقامی داونینگ

٣١/٨٨٠٦٩ تایبەت ٢٠ ئادار ١٩٣١

بەڕێزم کادۆگان،

زۆر سوپاس بۆ نامەی ١٨ ئادارتان لەبارەی پێشنیاری بەغدا سەبارەت بە کارێکی عەسکریی ئەم بەهارە لە کوردستانی عیراق. من تەواو لە نیگەرانیی بەڕێزت دەگەم کە کارێکی عەسکەریی وەهای سەرکوتکردنی شێخ مەحموود بکێشێتەوە بۆ ئیجرائاتی بەرفراوانی عەسکەری و دروستبوونی هەستێکی وەها کە گوایە هەوڵ بدرێ سیاسەتێکی نەخوازراو بەسەر کوردەکاندا بسەپێنرێ. بەرێزتان دەزانن بەپێی ئەنجامەکانی کۆنفرانسی ٣١ کانوونی دووەمی بارەگای مەندووبی سامی، ئەگەر حکوومەتی عیراق بە ڕێنماییەکانی مەندووبی سامی مامەڵەی سیاسی لەتەك کورداندا نەکات، بە بێ ڕەزامەندیی تەواوی حکوومەتی خاوەنشکۆ نابێ هێرش بکاتە سەر شێخ مەحموود، بارزان یا ناوچەی پشدەر. بێگومان ئەم مەرجانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم کردەی هەڵەی عەسکەریی حکومەتی عیراق.

من، سەبارەت بە بارزان و ناوچەی پشدەر، ڕوونی دەکەمەوە شێخی بارزان و دەستەو تاقمەکەی ساڵانی ڕابردوو ناوبەناو یاخی بوون. ناوچەی پشدەریش هەرگیز نەچووەتە ژێر ڕکێفی حکوومەتەوەو شوێنی دالدەی چەتەو ڕێگرەکانی عیراق و تورکیاو ئێران بووە، بەمجۆرە بووەتە مایەی نیگەرانی بۆ حکوومەتی عیراق. لەڕاستیدا دەمێکە ئەو دەڤەرانە پاك کراونەوەو خراونەوە ژێر دەسەلاتی ئیداری. ئێمەیش، هەر وەکو بەڕێزت، پێمان وایە مەترسی هەبێ هەر کردەوەیەکی لەم جۆرەی ئێستای حکومەتی عیراق بەهەڵە لە جنێڤ وەکو سەرکوتکاریی دژی هەستی نەتەوەیی کورد لێکبدرێتەوە. بۆیە، کاتێ بە مەندووبی سامی ڕادەگەیەنین: ئەنجامەکانی



کۆنفرانسی بارەگای مەندووبی سامی پەسند دەکەین، دەبێ بەر لەوەی کە ڕازی بین ئیجرائاتەکانی دژی شێخ مەحموود فراوان بکرێن و ببنە کاری عەسکەری دژی تیرەو خێڵەکانی بارزان و پشدەر، مەترسیەکانی لەیاد بێ و، تەنها ئەم کردەوەیە و، ئەگەر بەپێویستیشی زانی، بەشداریی سەربازانی ئیمپراتۆریەت قبووڵ بکات.

تکایە ئاگادارمان بکەن: ئایا پێتان وایە ئەمە لەگەڵ پێویستیی بارودۆخەکەدا دەگونجێ؟

دڵسۆزتان،

جەی. ئێچ. هۆڵ

بەڕێز ئەی. ئێم. جی. کادۆگان، سی. ئێم. جی.

## بەڵگەنامەی (١٤)

(ئی ٩٣/٣١/١٤٣٣)    وەزارەتی دەرەوە. ئێس. دەبلیوو. یەك.

خێرا    ٢٤ مارس ١٩٣١

بەڕێزم هۆڵ,

کادۆگان لە پاریسە, بۆیە من لەجیاتیی ئەو وەڵامی نامەی ژمارە (٣١/٨٨٠٦٩)ی ٢٠ ئادارتان, تایبەت بە ئیحتیمالی هێرشی عەسکەری دژی کورد, دەدەمەوە.

ئێمەش پێمان وایە پێویستە بارزان و دەڤەری پشدەر "پاك بکرێنەوە", هەروەها ئەو ڕاسپاردانەی کەوا پێشنیار دەکەیت بنێررێن بۆ هەمفریز تەواو پێبەپێی پێویستیی بارودۆخەکەن.

دڵسۆزتان,

................

بەڕێز جەی. ئێچ. هۆڵ, دی. ئێس. ئۆ., ئێم. سی.



## بەڵگەنامەی (١٥)

وەزارەتی دەرەوە،............................

٢٦ی ئاداری ١٩٣١

(ئی. ٩٣/٣١/١٤٥٥)

بەڕێز چانسری

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ٣١/٦/٨٢ی ١٦ی ئادارتان سەبارەت بە داواکاریەکانی کورد، وێنەی ئەمانەی لای خوارەوەتان بۆ دەنێرین:

١- دوو داخوازینامەی کوردەکان کە لە برووسکەی ژمارە ١٠٨ی ١٨ی شوباتی بەغدادا هاتوون.

٢- بڕیاری لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەسەر ئەو گلەییینامانە کە ئەنجومەن ٢٢ی کانوونی دووەم پەسندی کردوون.

بەشی ڕۆژهەڵات

چانسری،

باڵوێزخانەی بریتانیا،

ئەستەمبووڵ.

## هاوپێچی (١) بەڵگەنامەی (١٥)

عیراق: داخوازینامەی ٢٦ی تەمووزو ٣ی ئابی ١٩٣٠ی یەک لەدوای یەکی چەند کوردێکی عیراق.

### ئ. داوانامەکان

**١- داوانامەی ٢٦ی تەمووزی ١٩٣٠**

کورد، بۆ هێنانەکایەی برایەتییەکی ڕاستەقینەو هەمیشەیی لەگەڵ عەرەبدا، هەردەمو لەوکاتەوە کە ڕازی بووە لەناو عیراقدا بژی، داوای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی دەکات کە کۆمەڵی نەتەوەکان دانی پێدا ناون، کەچی تائێستا نەدراون.

ئێمە، سەبارەت بە ڕێککەوتننامە تازەکە، داوای سیستمێکی ئۆتۆنۆمیمان لە عەرەب کردووە، کەچی کارمەندە ئیداریو جێبەجێکاریەکانی ناوچەی کوردان کە زۆربەیان عەرەبن، کەوتنە تۆقاندنو گوشارهێنان بۆ کورد کە دەست لە مافە ڕەواکانیان هەڵگرن. ئێمە، لە ئارەزوو و بەرژەوەندیی کارمەندانی حوکمی عەرەبەوە، کە هێشتا دەسەلاتی ئینتیداب لەئارادا ماوە، وای دەبینین کە ئەم دەسەلاتەی ئێستا، دوای ئینتیداب، لەوی تورکەکان خراپتر دەبێ. مامەڵەو ڕەفتاری کارمەندانی عەرەب، لە ڕابردوو و ئێستایشدا، لە کارو کردەوەی تورک دژی کورد، کە بوونە مایەی دوژمنایەتیو جیابوونەوەی کورد لێیان، باشتر نین.

جا دوا بڕیاری کورد، لەبەر ئەم ڕاستیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێی دا، دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییە بە چاودێریی کۆمەڵی نەتەوەکان.

خوازیارین هاوکارمان بنو دان بە مافە ڕەواکانماندا بنێن.



**ئیمزا:**

عەزمی بەگ بابان، حەمە ئاغا ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ قادر حەفید، عیززەت بەگ عوسمان پاشا، حەمە ساڵح بەگ، فایەق بەگ بابان، عەبدوڕڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا، مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسووڵ ئاغا، ڕەمزی ئەفەندی، میرزا تۆفیق قەزاز.

٢- داوانامەی ٣ی ئابی ١٩٣٠

خۆشحاڵین بەڕێزتان ئاگادار بکەین کە تائێستا چەندین داخوازینامەی کورد نێردراونە کۆمەڵی نەتەوەکان. دوێنێ نامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی کەرتی مانداتنمان لە وەڵامیاندا پێگەیشتووە کە دەڵێ: بەپێی یاسای پێڕەوکراوی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، هەموو داواکارییەکی دانیشتوانی ناوچە ئینتیدابکراوەکان دەبێ لەڕێی نوێنەری دەسەڵاتی مانداتەوە بنێررێنە سکرتاریەت.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەو داواکاریانەی وا پێشتر پێشکەشی سکرتاریەت کراون بنێرنەوە ئەو جێیانەی کە بۆیان نێردراون.

ئیمزا:

عەزمی بەگ بابان، حەمە ئاغا ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ قادر حەفید، حەمە ساڵح بەگ، عیززەت بەگ عوسمان پاشا، تۆفیق قەزاز، عەبدوڕڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا، ماجید ئەفەندی حاجی ڕەسووڵ ئاغا، ڕەمزی ئەفەندی، فایەق بابان.



هاوپێچی (٢) بەڵگەنامەی (١٥)

ڕەشنووسی بڕیار

(( ئێستا کە ناکرێ کۆمەڵەی نەتەوەکان هیچ بڕیارێک لەمەڕ خواستی داواکاران بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی بە چاودێریی کۆمەڵەی نەتەوەکان بدا.

(( ئەم داوایانەیش لە کارەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بێ بنەمانو تەنها بە تێگەیشتنێکی تەواو هەڵە لە بڕیارەکانی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ی ئەنجومەن کە دەڤەری داخوازەکانیان تێدا خرابووە سەر عیراق، لێك دەدرێنەوە.

(( لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بڕیاری دا ئەم ڕێنماییانە پێشکەشی ئەنجومەن بکات:

(( ١- داوای ناودارانی کورد بدرێتە دواوە، چونکە ئامانجیان پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردییە بە چاودێریی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

(( ٢- داوا لە هێزی ماندات بکرێ بزانێ ئاخۆ ئەو کارە ئیداریو یاساییانەی کەوا بڕیار بوو بۆ کوردەکان بکرێن، بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کراون یان نا.

(( ٣- داوای ئیجرائاتی پێویست بکرێ بۆ دڵنیاکردنەوەی کورد لە باشکردنی ئەم هەڵوێستە، چونکە عیراق دواجار لە دەسەڵاتو مانداتی بریتانیای مەزن ئازاد دەبێ )).

بەڵگەنامەی (١٦)

بەیرووت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

وەزارەتی کاروباری دەرەوە،
ئۆفیسی دەرەوە،
شەقامی داونینگ،
لەندەن، ئێس. دەبڵیوو. ١.

بەڕێز،

بەپێی ئەو شێوازەی کە دیاریکراوە بۆ پێشکەشکردنی داخوازینامەی دانیشتوانی هەرێمەکانی ماندات بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، خۆشحاڵم بەڵگەنامە هاوپێچەکانتان بۆ بنێرم بۆ زانیاریی بەڕێزتان و ناردنیان بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنیان لە خولی مانگی حوزەیراندا.

لە دۆکیومێنتی هاوپێچەوە دەزانن کە من نوێنەری متمانەپێکراوی گەلی کوردم لە کوردستانی باشوور کەوا ئێستا بەشێکە لە عیراق و زیاتر لە ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار کەس دەبن.

وێنەی ئەو بەڵگەنامانەم ڕاستەوخۆ ناردووە بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و بەڕێز مەندووبی سامی لە عیراق.

ئیمزا: کۆڵۆنێڵ تۆفیق وەهبی
موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی
نوێنەری دەست نیشانکراوی گەلی کورد لە عیراق

ناونیشانی هەمیشەیی:
تۆفیق وەهبی بەگ
مەحەللەی سینەک
بەغدا.



لیستی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی خاوەنشکۆ، وەکوو هێزی مانداتی دەسەڵاتدار لەسەر عیراق، کراون بە مەبەستی ناردنیان بۆ کەرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کۆمەڵەی نەتەوەکان لە جنێڤ.

١- نامەی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان.
٢- نامەی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی ئینتیداب.
٣- وێنەی نامەیەك بۆ مەندووبی سامیی خاوەنشکۆ لە عیراق.
٤- سەرپشککردنی کۆڵۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ وەکوو نوێنەری گەلی کورد.
٥- داوای گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، لەگەڵ پاشکۆکانی، کۆمەڵەی نەتەوەکان.
٦- بەدرۆخستنەوەو ڕەخنە لە قسەکانی جنێڤی مەیجەر یۆنگ.
٧- نامەی پشتگیریی کۆمیتەی خۆیبوون.

## هاوپێچی (١) بەڵگەنامەی (١٦)

بەیرووت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ: سکرتێری گشتی،
کۆمەڵی نەتەوەکان،
جنێڤ.

بەڕێز،

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە دۆکیومێنتی هاوپێچ بنێرن بۆ بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. وێنە ڕەسەنەکان، بەپێی ڕیزبەندی پێڕەوکراو نێردراون بۆ هێزی مانداتو داوایان لێکراوە لەڕێگەی شیاوەوە بنێررێن بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان.

ئیمزا:
کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی،
موتەسەڕریفی پێشووی سلێمانی،
نوێنەری دەستنیشانکراوی میللەتی کورد
لە عیراق.

ناونیشانی هەمیشەیی:
تۆفیق وەهبی بەگ،
مەحەللەی سینەك،
بەغدا.



## هاوپێچی (٢) بەڵگەنامەی (١٦)

بەیرووت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ: سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب،
کۆمەڵەی نەتەوەکان،
جنێڤ.

بەڕێز

ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی نەتەوەکان، خۆشحاڵم وێنەیەکی سەرنجەکانم لەسەر قسەکانی خولی ١٩ی جنێڤی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی مەیجەر یۆنگ بدەمە بەڕێزتان.

بەڵگەنامە ڕەسەنەکان، بەپێی پرۆسەی دیاریکراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بۆ وەزیری دەرەوەی خاوەنشکۆ لە لەندەنو وێنەیەکیان بۆ بەڕێز مەندووبی سامیی عیراق لە بەغدا نێردراون. من، بۆ زانیاریی بەڕێزتان، وێنەیەك لەو سەرپشککردنەتان بۆ هاوپێچ دەکەم کە متمانەی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کوردم پێی دەدا کەوا زیاتر لە ٨٠٠٠٠٠ کەس دەبێ.

دڵنیام بەڕێزتان تێبینیەکانم دەخەنە بەردەم کۆبوونەوەی مانگی حوزەیرانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. میللەتەکەم، کە شەرەفی نوێنەرییانم پێدراوە، داوایان لێکردووم بەڕێزتان ئاگادار بکەم کە ئەوان زۆر سوپاسی میهرەبانیی ئەندامانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەکەن بەرامبەر بە هاووڵاتیە ستەمدیدەکانمان.

ئەگەر کۆمەڵی نەتەوەکان داوای ئامادەبوونی من یان هەر وەفدێکی تر بۆ خولەکانی داهاتووی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکات، ئەوا ئامادەمو وەڵامی هەمو پرسێکیشت ئەدەمەوە.

ئیمزا:
کۆڵۆنێڵ تۆفیق وەهبی
موتەسەڕریفی پێشووی سلێمانی
نوێنەری دەستنیشانکراوی گەلی کورد
لە عیراق.

ناونیشانی هەمیشەیی:
تۆفیق وەهبی بەگ،
مەحەللەی سینەك.
بەغدا.



هاوپێچی (٣) بەڵگەنامەی (١٦)

بەیرووت
١٩ی نیسانی ١٩٣١

بەڕێز مەندووبی سامی لە عیراق،
بەغدا.

بەڕێز،
ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی نەتەوەکان،
خۆشحاڵم وێنەی بەڵگەنامە هاوپێچەکانتان بۆ بنێرم بۆ زانیاریتان. وێنە ڕەسەنەکانم ناردووە بۆ وەزیری دەرەوەی خاوەنشکۆ بۆ ئەوەی کە بەپێی شێوازی دیاریکراوی کۆمەڵی نەتەوەکان، بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابیان بنێرێ.

من دڵسۆزیی خۆمو ئەوانەیش کەوا نوێنەرایەتیان دەکەم بۆ خاوەنشکۆ شافەیسەڵو ئارەزوومان بۆ خزمەتی ئەمەکدارانەی خاوەنشکۆ پێشان دەدەم، هیوادارم حکوومەتی خاوەنشکۆ بەپێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان مافەکانمان بسەلمێنێو بەڵێنەکان جێبەجێ بکات.

ئیمزا:
کۆڵۆنێڵ تۆفیق وەهبی
موتەسەڕریفی پێشووی سلێمانی
(نوێنەری دەستنیشانکراوی گەلی کورد لە عیراق)

وێنەیەك بۆ:
– کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب،
کۆمەڵی نەتەوەکان، جنێڤ

## هاوپێچی (٤) بەڵگەنامەی (١٦)

**ئەمی خوارەوە وەکالەتنامەی ئیمزاکراوی میللەتی کوردە لە عیراق کە تێیدا تۆفیق وەهبی بەگ دەکەنە نوێنەری خۆیان.**

------

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامان کردووە، کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگی حاکمی پێشووی لیوای سلێمانی و خەڵکی سلێمانی و ئیستا نیشتەجێی بەغدا دەکەینە نوێنەری خۆمان و ئەو دەستەو کۆمەڵانەی کەوا نوێنەریانین بۆ هەر مەسەلەیەک و هەرچۆن پەیوەندیی بەو داوانامانەوە هەبێ، کە بەناوی دانیشتوانی کوردی شانشینی عیراقەوە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دەسەڵاتەکانی ترو سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابیان دەکات. هەروەها ناوبراو دەکەینە وەکیلی خۆمان و ئەو هاووڵاتیە کوردانەی عیراق کە نوێنەرییان دەکەین بۆ ئامادەبوونی لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و هەر کۆمیتەیەکی تر یا ئەندامی دەستنیشانکراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان و کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ مەسەلەی داخوازینامەکان و هەر مەسەلەیەکی تر کە کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ نوێنەرو وەکیلی شیاوی خۆی و ئێمەیشیان بۆ دیاری بکات، هەروەها بۆ بەشداربوون لە هەر دانوستانێکدا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن یا هەر دەزگایەکی تری حکوومی و کەسایەتیەکی تری پەیوەندیدار بە کێشە ئاماژەپێکراوەکانی ناو داوانامەکان.

ئێمەو ئەو دەستەو کۆمەڵانەی کە نوێنەریانین، پشتیوانیی هەر بڕیارو وتووێژێکی کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ دەکەین کە بە نوێنەریی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو حکوومەت و هەر دەزگاو کەسایەتێکی تری حکوومی لەسەر بابەتی داخوازینامەکان دەیانکات.

ڕۆژ: چواردەی ئاداری ١٩٣٠



**ئیمزاکان:**

| | |
|---|---|
| مستەفا شەوقی | ئەفسەری خانەنشین، سەرکردەی کورد لە سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "پەیژە" |
| فەتحوڵڵا ئەسعەد | لە خێڵی ئاکۆی کۆیە، وەرگێڕی وەزارەتی داد |
| محەمەد ئەمین | لە خێڵی بارزان، نیشتەجێی ڕەواندز |
| ئیسماعیل ڕەواندزی | لە ئەشرافی ڕەواندز، نەوەی پاشای کوێرە، وەکیلی پێشوو |
| سەید حسەین | سەرنووسەری "زاری کرمانجی" لە ڕەواندز |
| ڕەئووف | ئەفسەری خانەنشین، لە ئەشرافی کەرکووک |
| عوسمان فایەق | لە ئەشرافی سلێمانی، قازی زادە |
| عەزیز عەبدولقادر | لە بنەماڵەی قادر ئەفەندیی گەورەی سەرخێڵانی تیرەی جاف، نوێنەری پێشوو |
| سدیق ئەلقادری | جەنەراڵی پێشکەوتووی پێشوو، لە خێڵی هەمەوەند، سلێمانی |
| عەلی عیرفان | کوڕی عەبدوڵڵا عیرفان، سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "ژیان" |
| عەبدولقادر | حەفید زادە، لە ساداتی سلێمانی |
| عەبدولقادر | ئەندازیار، لە ئەشرافی سلێمانی |
| تەییب | لە ساداتی بەرزنجە |
| غاییب | لە ساداتی سۆڵە |
| ئیسماعیل | لە ساداتی قەراخ |
| حیکمەت ئەمین | ئەندازیار |
| شوکری سەگبان | دکتۆری پرۆفیسۆر |

وەرگێڕانی:

ئیمزا: تۆفیق وەهبی

**هاوپێچی (٥) بەڵگەنامەی (١٦)**

**داواکاریی**
**گەلی کورد لە کوردستانی باشوور**
**کە ئێستا بەشێکە لە عیراق**

**بۆ پێدانی "خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی" لەسایەی سەرداریی عیراقدا، کە ئازادیی تەواوی**
**زمان,**
**پەروەردەو خوێندن,**
**سەربەستیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابووری,**
**ڕزگاری لە زوڵمو سەرکوتکاری,**
**زامن بکات.**

**هۆکارەکانی پێویستیی خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی بۆ کوردانی کوردستانی باشوور.**

**ئ) ئارامیی بارودۆخی عیراق.**
**ب) ئارامیی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**
**ج) پەیوەندیی ئاشتیانە لەنێوان کوردو دۆستو هاوسێ (عەرەب, کلدان, ئاشووری)ەکانیاندا.**
**د) خۆشگوزەرانیو کامەرانیی دانیشتوانی ڕەسەنی کوردستانی باشوور.**



***١- کورد عەرەب نییە.***

**ئەمە ڕاستییەکی دانپێدانراوە. ڕاستە کورد موسڵمانە، بەڵام لەوەدا لە عەرەب جیایە کە "توندڕەوی دینی"ی نییە، لەکاتێکدا عەرەبی عیراق بەتایبەتی شیعەکان لە ئیسلامەتیدا بە کەسانێکی پڕجۆش‌وخرۆش ناسراون. کورد لە ئازادیی ئەوروپایی نزیکترە.**

***بەڵگە:***

**ئ) کورد، ئازادیی تەواو دەداتە ئافرەت.**
**ب) ئافرەتی کورد، سەرپۆشو پەچە ناکاتو ئاسایی تێکەڵی پیاوان دەبێ.**
**ج) ئافرەتانی کورد، تەنانەت لەگەڵ پیاواندا، هەڵدەپەڕێ.**
**د) ئافرەتی کوردی وەکوو ژنی شێخ قادر، لە هەندێ کۆڕو مەجلیسی تایبەتدا دەبێتە سەرکۆڕی پیاوان.**
**هـ) ئافرەتی کورد ئەگەر پیاوەکەیشی لە ماڵ نەبێ، خزمەتی میوانانی ڕەگەزی نێر دەکات.**

***٢- کوردستانی باشوور نیشتمانی نەتەوەییو باووباپیرانی گەلی کوردە***

**کوردستانی باشوور هەرگیز، لە سەردەمی خەلافەتیشدا، وڵاتی عەرەبو هەرگیز ژێردەستەی عەرەب نەبوەو ستەمی قبووڵ نەکردووە. کوردستانی باشوور ئێستا دانیشتووی عەرەبی تێدا نییە، تەنها چەند خێڵێکی بچووک لە نزیکی هەولێرو کەرکووک دەژین.**

**کوردانی عیراق، لە مێژوودا، هەرگیز بندەستی عەرەب نەبوون.**

**لکاندنی کوردستان بەعیراقەوە نە ڕاستو نە ڕەوایشە، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە بە جیابوونەوە لە دەوڵەتی خاوەن سەروەری نەبێ, چارەسەر نابێ, ئەوان دەیانەوێ وەکوو ڕەگەزێکی جیا لە وڵاتەکەیانداو بەئەمەك بۆ تەختی پاشایەتیی عیراق، مافی ژیانی ئازادیان پێ بدرێ.**

### زمان

کورد ئێستا بە زمانی کوردی، کە زمانێکی ئارییەو پەیوەندیی بە زمانی عەرەبیی سامییەوە نییە، دەدوێ. عەرەبەکانی میسرو سووریاو جێیەکانی تر زمانی عەرەبییان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، کەچی نەیانتوانیوە ئەم کارە لە کوردستانو تەنانەت لەگەڵ کلدانو ئاشوورییەکاندا بکەن کە لە کوردستانو لەتەك کورداندا ژیاونو هێشتا بە زمانی کلدانیی وەرگێراوی ئەرمەنیی کۆن قسە دەکەن. خۆ ئەگەر مافی خۆبەڕێوەبردن نەدرێتە گەلی کورد، ئەوا کورد، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، بە دەست تێوەردانی ئاشتیانە یا هەر ڕێگەیەکی تر ناچار دەکرێ زمانێکی بیانی وەرگرێ.

### بەڵگە

دەشێ بڵێین زمانی ڕەسمیی کوردی تەنها بۆ سلێمانی دەبێ. بەڵام زمانی ڕەسمیی لیوای مووسڵ کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەب نین، عەرەبی دەبێو لە کەرکووك عەرەبیو تورکیش بەکاردێن. لە هەولێر زۆر کەم کوردی بەکاردێ. هەروەها زمانی قەزا کوردیەکانی دیالەو کووت تەواو عەرەبییە.

مەیجەر یۆنگ لە خولی نۆڤەمبەری کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابدا تێبینی لەسەر "ڕەشنووسی یاسای زمان" داوە. ئەم یاسایە بە ئاشکرا ئاڵۆزیی لەنێوان زمانەکاندا دروست دەکات.

### نوێنەرایەتیکردنی کورد لە ئیدارەو پەرلەماندا:

کورد لە دەمی ڕژێمی تورکدا چەندین پۆستی گرنگی، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی بەسرەو بەغداو مووسڵدا، وەرگرتووە. ئێستا ژمارەیەکی زۆر کارمەندی کوردی سەردەمی حوکمی تورك هەنو، دەتوانن لە پۆستی گرنگی حکوومەتدا کار بکەن. ئەمانە چەندین جار داوایان پێشکەشی حکوومەتی عەرەب کردووە، بەڵام کەڵکی نەبوە. ئەمە دەکرێ لە تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆدا پشت ڕاست بکرێتەوە. سیاسەتی حکوومەتی عەرەب وردە وردە دوورخستنەوەی کوردە لە پۆستە حکوومیەکان. ئەو کوردانەی کە ماونو



ژمارەیان ئەوەندە دەبێ بەشی پڕکردنەوەی چەند پۆستێکی گرنگ بکەن، وردە وردە دەمرنو. نەبوونی خوێندنیش بۆ خۆی ژیانی کارمەندانی کورد کۆتایی پێدێنێ. ئیتر ڕێگە بۆ حکوومەتی عەرەب تەخت دەبێو دوای ماوەیەکی کورت تاکە فەرمانبەرێکی کورد نابینرێ لە دەزگا حکوومیەکاندا کاربکاتو کوردی خوێنەوارو ڕۆشنبیری لە مەیداندا نامێنن، چونکە دەروازەی خوێندنیان بە ڕوودا دادەخرێ. ئەمەیە سیاسەتی ئێستای حکوومەتی عەرەبی کە ئامانجی لەناوبردنی ڕەگەزی کوردە.

"ڕەشنووسی یاسای زمان" بۆ نموونە، ڕێگە بەوانە دەدا لە کوردستان دابمەزرێن کە کوردی دەزانن. بەڵام دەڵێن گوایە هەندێ کورد لە هەرێمە عەرەبنشینەکاندا دامەزراون. ئەمە زۆر زیادەڕەوییەو وا دەردەخات گوایە ئەو کارمەندانە کەم بن. بەڵام خۆ ئەمانە بە مەبەستو ئامانجی سیاسی دوورخراونەوە بۆ ناوچە عەرەبیەکان. تەنانەت (١) بەڕێوەبەری گشتیی کورد لە کۆی (٢٠) بەڕێوەبەری گشتیی حکوومەتی عەرەبیدا نییەو جگە لە (٢–٣) فەرمانبەر، هیچ کارمەندێکی دەسەڵاتداری کورد لە دەزگا حکوومیەکانی ناوەڕاستو بەشی وەقفدا کارناکات. دیپلۆماتی کورد لە دەرەوەی وڵات نییەو نوێنەرایەتیی کورد لە پەرلەمان نادادپەروەرانەیە، چونکە تەنها (١١) لە کۆی (٨٨) نوێنەر کوردن. دیارە ئەمەیش لەچاو ژمارەی کورداندا زۆر کەمە.

### دانیشتوانی کورد

کورد ڕەتی دەکاتەوە کەمینە بێو پشت ڕاستی دەکاتەوە کە ئەو ژمارەیەی دراوەتە عەرەبی سوننی، کوردیشی تێدایەو بە ئامانجی سیاسی بە عەرەبی سوننی لە قەڵەم دراون. سەرژمێریی ڕاستەقینە کە خەڵکی کوردی لە ناو عەرەبی سوننیدا لابردووە، ژمارەی عەرەبو کورد بە یەکسان دادەنێ. زۆرینەی دانیشتوانی لیوای دیالەو بەشێکی زۆری ئەوانی لیوای کووت کوردنو، هەموویان لە ڕۆژهەڵاتی ئەو لیوایانەو هاوسێی لیوا کوردیەکاندا نیشتەجێ بوون.

## ياساو نيزام

حكوومەتی عەرەب ياسا نە لە دادگاو نە لە ئيدارەی ناوچە كوردنشينەكاندا بەباشی پێڕەو ناكات. خۆ ئەگەر هاوولاتييەكی كورد، لەو دادگايانەدا كە ئيجرائاتەكان بە زمانەكانی جگە لە كوردی بەڕێوە دەچن، لايەنی كێشەيەك بێ، ئەوا كێشەكەی لەدەست دەچێ. ئەم نموونەيەی خوارەوەيش بەسە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستييە.

فەرمانبەرانی ليوای سليمانی، لە موتەسەڕيفەوە هەتا موديرەكان بێتواناو ناڕۆشنبيرن، تەنانەت زۆريان تەواو نەخوێندەوارن. كارمەندی حكوومی و دادگا لە قەزای پشدەر نين, هەرچەندە يەكێكە لە قەزا دەوڵەمەندەكان، باجی تێدا كۆناكرێتەوە. حكوومەت لەلايەكی‌تريشەوە بڕە پارەيەكی زۆر دەداتە سەرخێڵەكان بۆ سەقامگيركردنی ياساو نيزام. تاوانباران دەتوانرێ لەم قەزايەدا داڵدە بدرێن.

ئەمە يەك نموونەيە لە ئيدارەی خراپی حكوومەتی عەرەبی.

گەلی كورد لەم بارەدا دەكشێتەوە دواوەو هاوسێكانيشی پێش دەكەون. ئەگەر مافی خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی شانشينی عيراقدا نەدرێتە گەلی كورد ، ئەوا كورد دەبێتە خزمەتكارو نۆكەری كاربەدەستانی عەرەب.

## پەروەردەو خوێندن

(٧٩) قوتابخانە لە كوردستانی باشووردان، بەڵام كوردی تەنها لە (٢٧)ياندا ڕێپێدراوەو، زمانی عەرەبی لەوانی ديكەدا زۆرەملێيە، تەنها كەمێكيش بە توركی وانەيان تێدا دەوترێتەوە.

(١٦) قوتابخانە لەو (٢٧)ەی كە لە سەرەوە ئاماژەيان پێدرا، يەك پۆلين و ئەوانی تر سەرەتايی و ئامادەيين. قوتابخانەی دواناوەندی لە كوردستاندا نييەو تەنها (٢) قوتابخانەی ناوەنديش لە سليمانی و هەولێرن كە ناتەواون و كەم و كوورپيان تێدايە.



(٨) قوتابخانەی كچان لە كوردستانی باشووردان و زمانی كوردی تەنها لە يەكياندا بەكاردێ.

ژمارەی دانيشتوانی كوردستانی باشوور لە (٨٠٠٠٠٠) كەس زياترە. ئەگەر بەراورد بكەين، ئەلبانيا ٥٢٨ و فەلەستين ٤٣٢ و كەچی كوردستانی باشوور بەو ژمارە گەورەيەی دانيشتوانيەوە تەنها ٧٩ قوتابخانەی تێدايە. ئەم نموونەيەی خوارەوە, هەر سەبارەت بە سياسەتی حكوومەتی عەرەبی لەمەڕ پەروەردەو خوێندن، سياسەتی بەمەبەستی حكوومەتی عەرەبی بۆ وردە وردە لەبەينبردنی نەتەوەی كورد دەخاتەڕوو. ساڵانە (٣٨٪)ی داهاتی ليوای بەغدا بۆ خوێندنی عەرەبی ليواكە خەرج دەكرێ، كەچی ئەم ڕێژەيە لە ليوای سليمانی تەنها (١٪)ە.

بۆ زياتر پيشاندانی بيرتەسكی و ستەمكاريی حكوومەتی عەرەبی لە عيراق، ئەوە بە نموونە دێنينەوە كە ئەم حكوومەتە كەلوپەلی دڕاوو كۆنی قوتابخانە عەرەبييەكان دەداتە قوتابخانە كورديەكان و هی تازە بۆ قوتابخانە عەرەبييەكان دابين دەكات. ئەم كارە منداڵانەيەی حكوومەت كە بانگەشەی سەربەخۆيی دەكات و ئازادی ناداتە نەتەوەكانی غەيرە عەرەب، ئەگەر جێی نيگەرانی نەبێ، بۆ خۆی بەزمەساتە. خوێندن گرنگترين بەشی دانپێدانراوی ژيانی نيشتمانييە، كەچی هێشتا وا ديارە مەسەلەكە پەيوەستە بە كاتەوە. ئەگەر كورد تەواو بچێتە ژێر ڕكێفی عەرەبەوە، هەر كە ئەمان سەربەخۆييان وەرگرت، ئيتر زمان و كەلتووری كوردی لەناودەچن.

### بەڵگە

### بەڵگەنامەو فايلی ڕەسمی

پرۆگرامی خوێندن، هەر بەوشێوەی قوتابخانە عەرەبييەكانی سەرتاسەری عيراق، بەزۆرەملێ لە كوردستان جێبەجێ دەكرێ. ئەمەيش دژی ڕاسپاردەكانی كۆمسيۆنی هەميشەيی ئينتيداب و ليژنەی لێكۆڵينەوەی "Teleki- Auf- Wirsen"ە. هەروەها يەكجار پێچەوانەی باری دەروونی و ئاكارو ڕەفتاری گەنجانی كوردە كە ڕەگەزو هەڵس‌وكەوتيان لە هی عەرەب جياوازن.

ئەمە پلانێکی داڕێژراوی حکوومەتی عەرەبیشە، تا ڕەگەزنامەی عەرەبی بەسەر غەیرە عەرەبدا بسەپێنێ.

تێبینی دەکەین تاکە کۆلیجێکی ڕاهێنان یان قوتابخانەیەکی تەکنیکی لە سەرتاسەری کوردستاندا نییە. بەمەیش ئایندەی لاوانی کورد ئیفلیج دەبێ‌و ئەوەی نوێ ناتوانێ ئەرکی ئیداری‌و ڕەسمی لە ئەستۆ بگرێ. حکوومەتی عەرەب (دە) ساڵی ڕابردوو (١٢٠) قوتابی، کە تەنها (٢)یان کوردن، بۆ خوێندن ناردووەتە ئەورووپا.

### *پڕۆژە گشتییەکان*

ئێمە، کە ئێستا لە سەدەی هەوڵی شارستانێتی‌و گەشەسەندنی گەلانی جیهانداین، دەبینین ڕۆژانە گوندو خاکی کوردستان پشت گوێ دەخرێن‌و بایەخیان لەدەست دەدەن. حکوومەتی عەرەبی تەنها یەك قوتابخانەی دووپۆلیی لە سلێمانی دروست کردووە کە قوتابیانی هەردوو پۆلەکە لە یەك ژووردا دەخوێنن، چونکە ژووریان نییە. کەچی حکوومەت، لەلایەکی ترەوە، ملیۆنان ڕووپیە بۆ دروستکردنی بنکەکانی پۆلیس‌و بەهێزکردنی هەیبەتی خۆی بە خەرج دەدا.

### *کشتوکاڵ‌و ئاودێری*

هیچ بەشێکی ئاودێری لە کوردستاندا نییە. شێوازەکانی ئاودێری زۆر کۆنن، مێژوویان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. هاوکات، حکوومەتی عەرەب ئەوی لەتوانایدا بووبێ بۆ کردنەوەی چەندین بەشی کشتوکاڵی‌و ئاودێری لە دەڤەرە عەرەبییەکادا، کردوویەتی. ناوبەناو یارمەتیی "فەلاح"ەکانی عەرەب دەدات‌و قەرزیان دەداتێ. حکوومەتی عەرەبی، سەرباری داوای چەند جارەی کورد، کارمەندی هونەریی تەواوی بۆ چاککردنی تووتنی کوردی دابین نەکردووە. جووتیاری کورد هەژارەو، باجێکی زۆریش دەدات کەچی بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەی خۆی خەرج ناکرێ.



### *تەندروستی*

کوردستان، بە پێچەوانەی ناوچە عەرەبنشینەکانەوە کە جێگەکەیان تەواو جیاوازە، لە دامو دەزگای تەندروستی بێبەشە. ژمارەی پزیشکەکان لە کوردستان یەکجار کەمەو حکوومەتی عەرەبی بایەخ بە تەندروستیی خەڵك نادات. ئەوەندە بەسە بڵێین: حکوومەتی عەرەبی هیچی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکی وەکوو ئاوڵە نەکردووە.

خۆم، موتەسەڕیفی سلێمانی بووم، داوام کرد نەخۆشخانەیەك لە سلێمانی بکرێتەوە، بەڵام وەڵامی حکوومەتی عەرەب ئەوە بوو کە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە. هەر ئەوسا کە موتەسەڕیفی مووسڵ داوای بودجەی بۆ بنیاتنانی زیندانێکی مۆدێرن کرد، حکوومەتی عەرەبی بودجەی پێویستی بۆ دابین کرد.

### *بەراوردێکی ژمارەی پێش کۆمسیۆنی( Count Teleki) و ساڵی ١٩٣٠ی کارمەندانی کورد لە کوردستان*

**ژمارەی فەرمانبەرانی کورد پێش کۆمسیۆنی Count Telaki**

| بەشی حکوومی | کورد | غەیرە کورد | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| دارایی‌و ناوخۆ | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ |
| داد | ١٠ | ٣ | ١٣ |
| هی تر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ |

**ژمارەی فەرمانبەرانی کورد- ساڵی ١٩٣٠**

| بەشی حکوومی | کورد | غەیرە کورد | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| دارایی‌و ناوخۆ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| داد | ٩ | ٧ | ١٦ |
| هی تر | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

تێبینی/ ئەمە لیواکانی دیالەو کووت ناگرێتەوە کە گشت کارمەندانیان عەرەبن.

***رِوونكردنەوەی ٢٤ دیسەمبەر ١٩٢٢ی مەندووبی سامیی بریتانیا لە عیراق***

"حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراق دانیان ناوە بە ماف ئەو کوردانەدا کە لە سنوری عیراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە ناوچەکانیاندا، هەروەها دەخوازن زوو لەناو خۆیاندا لەسەر شێوەی ئەو حکوومەتەو سنوورەکانی ڕێك بکەون، وەفدی بەرپرس بنێرنە بەغدا بۆ گفتوگۆی پەیوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراق".

***پەیوەندیەکانی کوردو کلدۆئاشووری***

کورد زۆر غەمخۆری کەمینە ناعەرەبیەکانی تری ویلایەتی مووسڵەو، داوا دەکات دان بە ناسنامەی نەتەوەییاندا بنرێ‌و لە باڵادەستیی عەرەب بپارێزرێن. پیلانی کاربەدەستانی عەرەب بۆ هێنانەکایەی نیازخراپی لە نێوان کوردو ئاشووریدا، هەرچەندە حکوومەت دەیداتە دواوە، لای هەردوو نەتەوە ئاشکرایە. من کە موتەسەڕیفی سلێمانی بووم بەڵگەم لەسەر ئەمە هەیە، دەتوانم چاوی لە گەلی کورد لە ئاستی ئەم پڕوپاگەندە زیانبەخشەدا بکەمەوە.

دۆستایەتیو پەرۆشیی ئێستای نێوان کوردو هاوسێ ناعەرەبەکانی، هەرکە ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی دادەمەزرێ، بەهێز دەبن.

خواستو گازندەی ئێمە، هی ئەوانیشن. هەردوو نەتەوەمان، هاوڕا، حەز لە پێشکەوتنو ڕێبازی ئەورووپایی دەکەنو لەسەر دۆسایەتیی شارستانیەتی ڕۆژئاوا کۆکنو بەغیلی بە گەلانی ڕۆژئاوا نابەن.

حکوومەتی عەرەب ڕقی لە تازەگەریو پێشکەوتنە، بۆیە ئێمە نیگەرانین. ئێمەو هاوسێ غەیرە عەرەبەکانمان دژی وێرانکارییەکین کە شوێنی نەگیرێتەوە. من و چەند نوێنەرێکی تری کورد خۆمان ئامادە دەکەین لە جنێڤ یا هەر جێیەکی تر، بە ڕەزامەندیی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لەگەڵ نوێنەری کەمینەکانی عیراق کۆببینەوەو دۆستانە گفتوگۆ بکەینو بڕیار لە هەر خاڵێك



بدەین کە پێویست بە ڕوونکردنەوە یان یەکدەنگی بکات. ئەمجا خۆمان ئامادە دەکەین، بە چاودێریی کۆمەڵی نەتەوەکان، لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی ناوەندیی بەغداو هێزی ماندات بە شێوەیەکی دۆستانە لەسەر ئەو مەرجانە ڕێك بکەوین کە بتوانین بە مافو ئامانجەکانمان بگەین.

(ئیمزا) تۆ٠فیق وەهبی

***پێشنیار***

بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کە لە نۆزدەیەم خولی نۆڤەمبەری ١٩٣٠ی کۆمسیۆندا بیخاتە بەردەم ئەنجومەن.

***پێشنیارەکان***

داوا لە هێزی ماندات بکرێ تا بزانێ ئاخۆ ئیجرائاتی ئیداریو یاسایی کە بڕیار بوو بۆ کوردەکان بکرێن، جێبەجێ کراون یان نا.

دەمەوێ ئیشارەت بەوە بدەم کە تا ئێستا حکوومەتی عەرەبی هیچ کارێکی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان نەکردووە. بۆیە ئالێرەدا چەند بەڵگەنامەیەك هاوپێچ دەکەم کە کەمبوونەوەی ژمارەی ئێستای فەرمانبەرانی کورد لە چاو ژمارەیاندا، کاتی کۆمسیۆنی Af Tl Paulsen، پیشان دەدەن.

***پەیوەندیی نێوان نەتەوەکانی کوردو کلدۆئاشووری***

من بە ڕێژەوە ئاماژە دەدەمە قسەکانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کە بەردەوام دژی مافو خواستە ڕەواکانی گەلی کوردو کلدۆئاشووریەکانیشە، گوایە دوژمنایەتیی دێرینی نێوانیان تاکە هۆیە بۆئەوەی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەریی خۆجێییان پێ نەدرێ. ئەمە تەواو ناڕاستە، چونکە گەلی کوردو کلدۆئاشوورییەکان پێکەوە بە ئاشتیو دۆستانە، بۆ نموونە وەکوو

گوندی بادی، پێکەوە دەژین. ئەوەیش سیاسەتی بە مەبەستی حکوومەتی عەرەبی عیراقە بەدگومانی لە نێوان خەڵکانێکدا دەخولقێنێ کەوا خزمایەتی زۆریان پێکەوە دەبەستێ و دوورن لە عەرەبەوە، هەندێ جاریش ئاڵۆزی لە نێوان کشتیارانی نەخوێندەواری کوردو کلدۆئاشووریدا پەیدا دەبێ. میللەتی ئێمەو کلدۆئاشووری زۆر خاڵی هاوبەش پێکیانەوە گرێ دەدات، بەڵام نەتەوەی کورد زۆر تووڕەیە لەوەی کەوا هەرکە نائارامیەکی بچووک دەقەومێ، خێرا سەربازانی ئاشوورییان لە دژ دەنێررێ. کە حکوومەتی عەرەبی ڕووی لوولەی بڕنەوی چەکدارانی ئاشووری ئاوەها بکاتە سنگی ئێمەو بە پڕوپاگەندەو شتی تر هەوڵی ژەهراویکردنی مێشکی کلدۆئاشووریەکانی هاوسێمان بدات، ئیتر چۆن پەیوەندیی دۆستانە دەمێنێ؟!

ئیمزا. تۆفیق وەهبی



من، میرزا تۆفیق حاجی ئەحمەد قەزازی سلێمانی، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە ئەم قسانەم لەسەر دەستگیرکرانم لە (٦ ئەیلوولی ١٩٣٠)دا تەواو ڕاستن.

(١) ١٩٣٠/٩/٦ سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ کە لەگەڵ بنەماڵەکەمدا لە ماڵەوە دانیشتبووم، سەربازو پۆلیسی عەرەب کە بڕنەوو تفەنگی لویس (Lewis)یان پێ بوو، گەمارۆی ماڵەکەمیان داو هێرشیان کردە سەرمان و، بەبێ ئەوەی کە هۆکەیم پێ بڵێن، دەستگیریان کردم. ئەم کارەیان پێچەوانەی یاسای بنچینەیی عیراق بوو. خێزانەکەم هاتە قسەو هۆیەکەی پرسی و ناڕەزایی دەربڕی کە ئەوان، بە پێی نەریت و یاساو ڕێساکان، "هەیئەتی ئیختیارییە"یان لەگەڵدا نییەو ئاسایی پێش وەخت ئاگاداریان نەکردووین. بۆیە سەربازەکان تووڕەبوون و ڕووی بڕنەوەکانیان کردە خێزانەکەم و منیان بە زۆر ڕاکێشایە دەرو، بە چاودێرییەکی وردی سەربازو پۆلیسەوە بردیانمە زیندان. بە درێژایی ڕێگەکە تا گەیشتینە زیندان، سەرکۆنەیان کردم و سووکایەتییان پێ کردم و قسەی ناشیرینیان پێ وتم و (١٠) کەس لە هاوڕێ کوردەکانیشمیان لەسەر ڕێگەکە کۆکردەوە. تا سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لە بەندیخانە ماینەوەو زۆر خراپ ڕەفتاریان لە تەکدا کردین. ئەمجا دوو دوو پێکیانەوە بەستین و ڕەوانەی بەندیخانەی کەرکووکیان کردین. من لەوێ (٧٨) ڕۆژ زیندانی کرام.

(٢) ئێمە لە لێکۆڵینەوەکانەوە بۆمان ساغ بووەوە کە ئەو تۆمەتەی وا پۆلیس لەسەری بەند کردووین، ئەوەیە کە برووسکەو مەزبەتەمان ئیمزا کردووەو داوامان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و هێزی ئینتیداب کردووە. بێگومان ئەمەیش بە کارێکی یاسایی دەزانین. بەڵام بۆئەوەی خۆیان لە بەرپرسیاری بدزنەوە، هەرچەندە دەیانزانی ئێمە پەیوەندیمان بە ڕووداوەکانی (٦ ئەیلوول ١٩٣٠)وە نەبوو، چەند پرسیارێکیان لەو بارەیەوە لێکردین.

(٣) ئەوان، بە مەبەست، بێ نانەوەی گرفت ئێمەیان ماوەیەک لە زینداندا هێشتەوە بۆ لێکۆڵینەوە. بەشی داواکاری گشتی هەڕەشەی لێکردین کە لە

سێدارەمان دەدەن، چونکە ئێمە داوای مافەکانمان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە. ئەمجا بۆ دادگەمان سەلماند کە ئێمە دەستمان لە ئاڵۆزیی ئاژەپێدراوی سەرەوەدا نەبوە. پاشان زانیمان کە داخوازیەکانمان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان تاکە پاساوی گرتنمانە. ئەمجا دادگا ئازادی کردین.

یەکەم پرسی دادگا لە ئێمە ئەوە بوو:

"بۆچی داواتان پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە؟"

شایەتەکان، کە پۆلیس هێنانیە بەردەمی دادگا، سوێندیان خواردو بە ئاشکرا ڕوونیانکردەوە کە ئێمە لەو تۆمەتانە دوورین‌و، ڕایانگەیاند پۆلیس هەڕەشەی کوشتنی لێکردوون بۆ ئەوەی شایەتیی درۆ لەسەر ئێمە بدەن. بەڵام شایەتەکان ڕاستیان وت. کە زانییان دادگا ئازادانە حوکم دەدا، سوێندیان خوارد. بۆیە شایەتەکان، سەرەڕای هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەی پۆلیس، ڕاستییەکەیان درکاند.

(٤) دوای ئەوەی کە دادگا ئازادی کردم‌و گەڕامەوە سلێمانی، دەزگای پۆلیس بانگی کردم‌و داوای لێکردم کە بەڵێننامەیەك ئیمزا بکەم. پاشان پێیان وتم لەبەرئەوەی داوام پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە، متمانەم پێ ناکەن. هەروەها وتیان نابێ خۆم لە کاروباری سیاسی هەڵقورتێنم‌و مەزبەتەو گلەیی تر بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان نەنێرم. منیش کە زانیم بە نیازن کێشەم بۆ بنێنەوە، ڕازی نەبووم بەڵێننامە ئیمزا بکەم. دەزگای پۆلیس لەوساوە چەندین جار بانگی کردووم‌و داوای کردووە ئەو بەڵێننامەیە ئیمزا بکەم. بردوومیان بۆ بەشی تاوانەکان بۆئەوەی یا بەڵێنەکە ئیمزا بکەم یا بەندم بکەن.

(٥) من، لەبەرئەوەی خاوەن زەوی‌و بازرگانم، زیانی (١٠٠٠ دە هەزار) ڕووپیەم لەم دەستگیرکردنەدا پێگەیشتووە. هەروەها لەبەرئەوە کە پۆلیس بەردەوام بێزارم دەکات‌و بە بیانووی ناڕاستی جیاجیا فشارم دەخاتە سەرو ناتوانم دەست بە کارەکانم بکەمەوە، ئەم زیانانە ڕوو لە زیادبوونە.

بەغدا، ٢٣ ئادار، ١٩٣١

ئیمزا: بازرگان تۆفیق قەزاز

حاجی ئەحمەد قەزاز زادە.



من، شێخ قادر شێخ سەعیدی سلێمانی، برا بچووکی شێخ مەحموود بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە ئەم قسانەم لە بارەی دەستگیرکرانمەوە لە ٦ ئەیلوول ١٩٣٠دا ڕاستن.

(١) سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ، کاتێ لەگەڵ خێزانەکەمدا لە ماڵەوە دانیشتبووین، سەربازو پۆلیسی عەرەب دایان بەسەر ماڵەکەمداو، بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەختو موختارو هەیئیەتی ئیختیارییە، بە تفەنگی لویس‌و برنەو پەلاماری ماڵەکەمیان دا. گرتمیان‌و لەگەڵ (١٠) هاوڕێی ترمدا خستینیانە زیندان. تا سەعات (١)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا کردین. ئەمجا دوو دوو پێکیانەوە بەستین‌و بە چاودێریی وردی پۆلیس‌و سەربازی عەرەبەوە کە هەموویان برنەوو تفەنگی لویسیان پێ بوو، بردینیانە کەرکوك‌و لەوێ ٧٠ ڕۆژ منیان بەند کرد.

(٢) ئەو تۆمەتەی کە پۆلیسی سلێمانی پێی تاوانباری کردبووم، بە کورتی ئەمی خوارەوەیە:

"بۆچی ئێمە مەزبەتەو برووسکەمان ناردووە بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان‌و وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا؟" هەرچەندە بەوە تاوانباریان کردین کە بووینەتە ئامرازی ئاژاوەکەی (٣٠ ئەیلوول ١٩٣٠)، بەڵام دەرکەوت ئێمە هیچ دەستمان تێیدا نەبوە. بەندکردنیشمان تەنها لەبەرئەوە بوو کە مەزبەتەمان دابوە کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئەمەیش لەو پرسیارانەوە دەرکی پێ دەکرا کە پۆلیسەکان لێیان دەکردین: "بۆچی گلەییتان لای کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە؟".

(٣) ئەوان، دوای (٧٠) ڕۆژ زیندانی لە کەرکوك‌و ئەو هەموو مامەڵە خراپەی کە لەگەڵمدا کردیان، بە چاودێریی فیرقەی ناسریە بردمیانە ناسریەو لەوێ بەو مەرجەی بەجێینەهێڵم‌و نەگەڕێمەوە سلێمانی، ئازادیان کردم. هەروەها کەفالەتی (٥٠٠٠) ڕوپیەیان لێ وەرگرتم. پاش (٣٩) ڕۆژ جارێکی تر بە چاودێرییەکی وردەوە ڕەوانەی بەغدایان کردم. لەوێیش کەفالەتی (٥٠٠٠) ڕوپیەیان لێ وەرگرتم‌و، بەو مەرجەی نەگەڕێمەوە سلێمانی، ئازادیان کردم.

ئێستا من لە بەغدام‌و نایەڵن بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم. پۆلیس‌و سەرباز، پاش دەستگیرکردنم، ماڵەکەمیان پشکنیوەو مولازم محەمەد سەرپەرشتیی ئەم کارەی کردووەو چەندین کەلوپەلی بەنرخی وەکوو ئاڵتوون‌و خشڵی خێزانەکەمیان بردووە. هەندێکیان گێڕاوەتەوە، بەڵام هەندێکیان هێشتا لەلا ماوە. خانووەکەم تا ئێستا لەژێر چاودێریی پۆلیس‌و سەربازدایە، بۆیە ناچار بووم ماڵ‌و منداڵەکەم بێنمە بەغداو هەموو ئەو شتانەیش بەجێ بێڵم کە گواستنەوەیان سەختەو، ئێستا کەس نییە ئاگای لێیان بێ.

(٤) ئەو تۆمەتەی کە ئێمەی لەسەر گیراوین، هیچ پەیوەندیی بە هەڵبژاردن‌و ئاڵۆزیی (٦ ئەیلوول ١٩٣٠)ەوە نەبوو، بەڵکوو وەکوو پێشتر وتم: ئەوە بووە کە مەزبەتەمان بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان‌و حکوومەتی بریتانیا ناردبوو. یەکەم پرسیاری پۆلیس لە بارەی ناڕەزایی‌و مەزبەتەکانمانەوە بوو. ئەوەیش لە دادگا ساغ بووەوە کە پەیوەندیمان بە ئاژاوەکەوە نەبوە.

(٥) من لە سلێمانی خاوەن زەویم‌و بژێویم لەسەریەتی. کەلوپەلەکانم، بەم بەندکردن‌و دوورخستنەوەیە، سەرباری ئەوانەی کە براون، زۆر زیانیان لێ کەوتووە. حاڵی من ئێستایش بەو جۆرەیە کە پێشتر ئیشارەتم پێدا.

ئیمزا: شێخ قادر حەفیدزادەی
سلێمانی

بەغدا
٢٣ ئادار ١٩٣١

وەرگێڕانی دروست
ئیمزا. تۆفیق وەهبی



**هاوپێچی (٦) بەڵگەنامەی (١٦)**

**ڕەتکردنەوەی قسەکانی مەیجەر یۆنگی نوێنەری متمانەپێدراوی دەسەڵاتی ماندات لە عیراق**

لاپەڕەی ژمارە (٧٩)ی کۆنووسی چاپکراوی خولی نۆزدەیەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب.

نوێنەری متمانەپێکراوی هێزی ماندات لە برگەی (١) و لەژێر ناونیشانی "هەڵوێستی کوردو کریستیان‌و کەمە نامسوڵمانەکان"دا، دوای پێشەکیەك کە تێیدا هاتووە "مەسەلەی کوردو کریستیانەکان لە بنەڕەتدا یەك کێشەن"، ڕوونی دەکاتەوە:

داخوازینامەی کوردو کریستیانەکان پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کراون لەبەرئەوەی کە ڕێکەوتننامەی بەم دواییە ئیمزاکراوی نێوان حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراق لە ئایندەدا هیچ شتێك بە کوردو کەمە نامسوڵمانەکان نابەخشێ.

مەیجەر یۆنگ لە برگەی (٢)دا دەڵێ: هەندێ لەمانە بۆیە بە پێویستیان زانی کێشەکەیان بەرەورووی ئەنجومەنی کۆمەڵە بکەنەوە، چونکە ئاماژە بەو مەسەلانە نەدراوە.

ئێمە داواکانمان پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە، نەك هەر لەبەرئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا باسی کورد نەهاتووە، بەڵکوو ماف‌و خواستە ڕەواکانی کوردیش بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو پێشێل دەکرێن. هەروەها ڕێگە بە خۆمان دەدەین‌و بە کۆمەڵی نەتەوەکان دەڵێین هێزی ماندات دەبوو، بەر لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە، گفتوگۆی تەواو لە بارەی پاراستنی کوردو گشت کەمینەکانی ترەوە بکات. خۆ ئێمە، سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسای زمانیش، دەزانین حکوومەتی عەرەبیی عیراق، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەچەڵەکی

کورد، دەیەوێ زانینی زمانی کوردی بکاتە مەرجی دامەزراندن لە ناوچە کوردیەکاندا.

مەیجەر یۆنگ هەروەها درێژەی پێ دەداو دەڵێ بە گشتی باوەڕ وایە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان داوای کردووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باشووری کوردستان دابمەزرێ. ئەمە دەریدەخات مەیجەر یۆنگ لە ڕاسپاردەکەی ئەنجوومەن تێنەگەیشتووە. ئێمە دەڵێین هەرگیز ڕێی تێناچێ کورد لە خاڵە تەکنیکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی نەگەیشتبێ و بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیی نیشتمانیی بە سەربەخۆیی ئاوەژوو کردبێ.

خەباتی کورد بۆ ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێیی لە زێدی باوو باپیرانیانو چوارچێوەی شانشینی عیراقدا، لەو گفتانەی حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکومەتی عیراقەوە سەرچاوەی گرتووە کە وێنەیەکی هاوپێچ دەکەم.

## دەستگیرکردنی کورد لە سلێمانی

نوێنەری متمانەپێدراوی هێزی ماندات، مەیجەر یۆنگ، بە کۆمسیۆنی هەمیشەیی منداتی ڕاگەیاندووە (بڕوانە لاپەڕە ٧٩ی ڕاپۆرتەکە): هەواڵی دەستگیرکرانی چەند کوردێکی ئیمزاکەری داوانامەیەك بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان ڕاست نییە. ئەم قسەیەی مەیجەر یۆنگ تەواو ناڕاستەو، لە ئەنجامی ئاژاوەیەکی کاتی هەڵبژاردندا چەند کەسێك لە سلێمانی گیراون. هەروەها دوو کەس لەوانەی وا هەندێ لە داخوازینامەکانیان ئیمزا کردووە هێشتا لە زینداندا ماونو بە ماددەکانی ٥٤، ٥٥، ٨٥، ٨٦، ٢١٤ی یاسای سزادانی بەغدا تاوانبار کراون. بەندکردنی خەڵك، لەبەر پەنابردنیان بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، بێگومان کارێکی نادروستە. مەیجەریۆنگ ئەم قسانەی لە نەزانیو ناشارەزایی کەسایەتیەکانی ناو حکوومەتی عەرەبو کردەوەکانیانەوە کردووە. من لیژنەی هەمیشەیی ماندات دڵنیا دەکەم کە هەر ئەوروپاییەك لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ماوەیە بکات کە کێ ئەتوانێ لەگەڵ ناوچەکەدا ڕابێ،



ئەوا پشتیوانیی ئەم هەوڵانەی من دەکات. لێرەدا دوو دانپێدانانی ئیمزاکراوی دوو کورد لەم بارەیەوە هاوپێچ دەکەم.

من جەختی لەسەر دەکەمەوە کە دووبارەبوونەوەی ئەم کارانەی پۆلیسو فەرمانبەرانی حکوومەتی عەرەبی، نەك تەنها بۆ ئەو کوردانەی کە ئەم گلەیینامەیەیان ناردووە جێی مەترسیە، بەڵکوو زیاتر لەسەر ئەو کریستیانانە کاریگەر دەبێ کە سکاڵانامەی خۆیانیان پێشکەش کردووە. بۆیە پێویستە هێزی ماندات ڕێنمایی بداتە موتەسەریفەکانو بەرپرسیاریان بکات تا قەتماغەی برینەکان هەڵنەدەنەوە. ئەمانیش لای خۆیانەوە قایمقامو مودیرو پۆلیس ئاگادار بکەن کە هیچ کارێك لە دژی ئیمزاکەرانی کوردو کەمە نەتەوەییەکانی تر نەکەن، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان مافی پێداون داواو سکاڵاکانیان بە شێوازێکی دروستو لە ڕێگای گونجاوەوە بەرزبکەنەوە. هەندێ ئیجارائات لە دژی ئەو کەسانە ئەنجام دراوە کە سکاڵانامەکانی پێشوویان ئیمزا کردووەو، زۆریان لێ کراوە پاکانە بکەنو بەشداری سیاسەتو کاروباری گەلەکەیان نەکەن، ئەگینا بەند دەکرێن.

خۆیشم کە نوێنەری متمانە پێدراوی کوردمو خەڵکی سلێمانیم دوورخراومەتەوە بۆ بەغدا، هەرچەندە حەزدەکەم بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم.

## نەتەوە:

مەیجەر یۆنگ دەڵێ: "ڕاستیەکەی، تاکە چارەسەر بۆ ئاشووریو کوردەکان ئەوەیە کە خۆیان بە عیراقی بزاننو حکوومەتی عیراقیش هەروا تەماشایان بکات" (بڕوانە لاپەڕە ٨٠ی ڕاپۆرتەکە).

من سەرنجی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ڕادەکێشم کە گەلی کورد حەزدەکات ئەمەکدار بێ بۆ خاوەنشکۆ شافەیسەل، بە مەرجێ ناسنامەی نەتەوەییشی پارێزراوبێ. بۆیە چەندە ناڕەوایە ئیرلەندییەك بە ئینگلیز لە قەڵەم بدرێ, هێندەمان پێ ناڕەوایە کورد بە عەرەب یان عیراقی ناوببرێ.

## ڕێکەوتننامەی ٣٠ حوزەیران ١٩٣٠ی بەغدای نێوان عیراقو بریتانیا

من بەڕێزەوە بە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ڕادەگەیەنم، ئەو ڕێکەوتننامەیەی دوایی کە لە بەغدا ئمیزا کراوە، هیچ خاڵێك لەخۆناگرێ کە نەهێڵێ حکوومەتی عەرەبی هێزی ئاسمانیی بریتانیا بەکاربێنێ بۆ سەرکوتکردنی نائارامیی ناوخۆی بەرەنجامی ئەو بەڕێوەبردنو ئیدارە خراپەی حکوومەتی عەرەبی کە پێی وایە هێزی ئاسمانیی بریتانیای لە پشتە. دیارە ئەم هەڵوێستەیش بەر بە خراپ بەڕێوەبردنو حوکمو ستەمی ئەم حکوومەتە ناگرێ.

ئیمزا، تۆفیق وەهبی بەگ



## هاوپێچی (٧) بەڵگەنامەی (١٦)

خۆیبوون
کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردی — داماس
کۆمیتەی ناوەندی — ١٧ی نیسانی ١٩٣١

ژمارە: ٢٨٣٥

بۆ/ سکرتێری گشتی
کۆمەڵەی نەتەوەکان
جنێڤ

بەڕێز،

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردی (خۆیبوون) خۆشحاڵ دەبێ سەرنجی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ئەم مەسەلەیەی خوارەوە ڕاکێشێ.

میللەتی کورد کە داوای مافە پیرۆزەکانی دەکات، خواستەکانی هەمیشە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی گەلانی تر بنیات ناوە. ئێمەیش خوازیارین، هەروەکوو گەلانی کلدانو ئاشووری، ڕێزی مافەکانمان بگیرێ.

کۆمیتەی ناوەندیمان، لەم ڕوانگەیەوە، بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ کوردانی کوردستانی باشوورو گەلی کلدۆئاشوورییاندا هاتووەتە گۆڕێ.

ئێمە بە ئەرکی سەرشانمانی دەزانین جارێکی تر جەختی لەسەر بکەینەوە: گەلانی کوردو کلدۆئاشووری هەمیشەو لە دێرزەمانەوە وەکوو برا ژیاون.

کۆمیتەیی ناوەندیمان، لە کۆتاییدا، پشتیوانیی داواکانی کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگی موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانیو، بە ئیمزای ١٤ ئاداری ١٩٣١ی کوردانی کوردستانی باشوور، وەکیلو نوێنەری متمانەپێکراوی کورد دەکات.

ئیمزا: جەلادەت عالی بەدرخان
لە جیاتی کۆمیتەی ناوەندیی خۆیبوون
ناوچەی کوردان
داماس

وێنەی بۆ:
– وەزیری کاروباری دەرەوە.
وەزارەتی دەرەوە، شەقامی داونینگ، لەندەن، ئێس. دەبلیوو. ١.
– بەڕێز مەندووبی سامی لە عیراق، بەغدا.
– بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆنی ئینتیداب، کۆمەڵەی نەتەوەکان، جنێڤ.



## بەڵگەنامەی (١٧)

**وتووێژەکانی تایبەت بەم بابەتە پێویستە بنێررێن بۆ:**
بریکاری وەزیر
وەزارەتی کۆلۆنیەکان
لەندەن، ئێس. دەبلیوو. ١

شەقامی داونینگ
٨ی مایسی ١٩٣١

بەڕێز،

ئاماژە بە نووسراوی (١ مایس)ی ئەم وەزارەتە، لۆرد پاسفیلد ڕایسپاردووم هاوپێچی ئەم نامەیە، بۆ زانیاریی بەڕێز وەزیر هندرسن، بۆ بەڕێزتان بنێرم کە نامەیەکی تۆفیق وەهبی بەگە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەو بە هۆیەوە سکالانامەیەکی لەمەڕ کوردانی عیراقی ئاڕاستەی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کردووە.

٢– هەروەها وێنەی برووسکە وەڵامی برووسکەی ژمارە (٢٠١)ی ٣٠ی نیسان هاوپێچ دەکەم کە لەگەڵ نامەی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا نێردراوە بۆ مەندووبی سامی لە عیراق.

خزمەتکاری هەرە گوێڕایەڵتان
ئۆ. جی. ئاڕ. ویلیەم

بریکاری وەزیر
وەزارەتی دەرەوە

٣١/١/٨٨٠٢٠

**برووسکەی وەزیری کاروباری کۆڵۆنیەکان بۆ مەندووبی سامی لە عیراق**
**(سەعات ٨,٣٠ پاش نیوەڕۆی ٥ی مایسی ١٩٣١ نێردراوە)**

-----

ژمارە: ١٦٦

برووسکەتان ژمارە ٢٠١

پێشنیارەکەتان پەسندە. سکاڵانامەی تۆفیق وەهبی گەیشتووەتە ئێرە، وێنە ڕەسەنەکانتان بە پۆستی ئاسمانیدا بۆ دەنێرم.





**برووسکەی مەندووبی سامی لە عیراق بۆ وەزیری کۆڵۆنیەکان.**

٩ مایس ١٩٣١ دەرچووە, سەعات ١: ٥٢ ی پاش نیوەڕۆی ٩ مایس گەیشتووە.

ژمارە: ٢١٨. نێردراوە بۆ وەزیری کۆڵۆنیەکان. بۆ تاران نێردراوەتەوە ژمارە: ٢٩. برووسکەی من ژمارە: ١٩٥. حکوومەتی ئێران بە هاوکاریی عەسکەریی پێشنیارکراوی حکوومەتی عیراق ڕازی بوو. ئەفسەری فەرماندەی هەرێمی ڕۆژهەلاتی عیراق و پشکنیاری بریتانیی ئەرکانی گشتیی سوپای عیراق ڕۆژی ٥ مایس لە مەریوان لەگەڵ فەرماندەی ئێران کۆبوونەوەو لەسەر هاوکاریی ئایندەی سەربازانی عیراق و ئێران ڕێك کەوتن. یەکەم هەماهەنگیی هاوبەش ١٤ مایس دەست پێدەکات. هاوکات حکوومەتی عیراق نامەی بۆ شێخ مەحموود ناردووەو مۆڵەتی داوە پێش ١٤ مایس خۆی بەدەستەوە بدات.

بەڵگەنامەی (١٩)

**پەلە**

**وێنەی خولاوێکی بەڕێز سەروەزیر بۆ سەرجەم وەزارەتەکان (جگە لە کاروباری دەرەوەو بەرگری‌و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقاف)**

**بابەت/ سیاسەتی کورد**

لیستێکی زانیاری ئەو فەرمانبەرانەی وەزارەتەکەتان بۆ دەنێرین کە کوردی نازانن‌و دەڵێن دەبێ لە لیواکانی هەولێرو کەرکووك‌و سلێمانی (بگوێزرێنەوە؟). هەروەها وێنەیەکی کۆنووسی کۆبوونەوەی ١٩٣١/١٠/٧ی وەزارەتی ناوخۆ هاوپێچ دەکەم.

٢- تکایە ئاگادارم بکەن لە:

ئ:ئایا ئەم لیستە ڕاستە؟، ئەگەرنا داواکارم بە پەلە لیستێکی ڕاستم بۆ بنێرم.

ب:ئێوە چی ئەکەن بۆ جێگرتنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە کوردی نازانن‌و، ئەم شوێنگرتنەوەیەیش چەندی پێ دەچێ؟

ج:لە حاڵەتی ئەو کارمەندانەدا کە ناکرێ بەم زووانە بگۆڕرێن، تکایە دڵنیامان بکەنەوە کە پێتان ڕاگەیاندوون خۆیان ئەوەندە فێری زمانی کوردی بکەن کە بتوانن ئەرکەکانیان ڕاپەڕینن‌و، لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەم مانگەی زمانی کوردیدا دەربچن، ئەگینا لە ناوچە کوردیەکان دەگوێزرێنەوە.

٣- سەرباری ئەو ڕاپۆرتە، داواکارین ڕاپۆرتێکی ترمان کۆتایی دوو مانگی تر بۆ بنێرن‌و گۆڕانکارییەکانی تێدا ڕوون بکەنەوە.

٤- ئەگەر لە ئایندەدا ناچاربوون فەرمانبەری وەها دابمەزرێنن کە کوردی نەزانن, خێرا ئاگادارم بکەنەوەو هۆیەکانم بۆ ڕوون بکەنەوە.



***٥- تاقیکردنەوەی زمان***

حەزدەکەم سیستمێکی تاقیکردنەوەی زمانی کوردی دابنرێ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە ئێستا لە ناوچە کوردنشینەکاندا خزمەت دەکەن یان لە ئایندەدا دادەمەزرێن. دەبێ کاتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە سێ مانگ، بۆ ئەوانەیش دابنرێ کە لەو هەرێمانەدا خزمەت دەکەن‌و کوردی نازانن. هەرچەند پێویستە ئەم ماوەیە کەسانی شارەزا دەست نیشان بکەن تاکوو بەشی پێویست کوردی فێربن، بۆئەوە کە بتوانن کارەکانیان ڕاپەڕێنن. نووسەری بەشێکی تەکنیکی، پێویست ناکا هێندەی کارمەندێکی ئیداری یان دادوەرێك کوردی بزانێ. ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو دەڤەرانەدا خزمەت دەکەن کەوا دوو سێ زمانی وەکوو عەرەبی‌و کوردی‌و تورکییان تێدا، بە پێی یاسای زمانی خۆجێیی، بەکاردێ، دەبێ ئەوەندە شارەزای ئەو زمانانە بن کە بتوانن کارەکانیان باش جێبەجێ بکەن. ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە نەك هەر کارمەندان بێ شارەزایی ئەم زمانانە کامڵ نابن، بەڵکوو دەشێ گرژی‌و گومان لە نێوان فەرمانبەران‌و خەڵکی ئەو هەرێمانەدا بخوڵقێنێ. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی زمانی کوردی، وا باشترە حکوومەت خەڵاتێك بداتە ئەو فەرمانبەرانەی کەوا دەردەچن‌و ئەمەیش هانیان دەدا بۆ خوێندن. خەڵاتەکان، دەکرێ (٥٠) ڕوپیە بۆ تاقیکردنەوەی سەرەتایی‌و (٨٠) ڕوپیە بۆ ئاستی بەرزترو (١٢٠) ڕوپیە بۆ وەرگێران بن.

٦- کاتی گەشتەکەی ئەمساڵم بۆ ناوچە کوردییەکانی وڵات، هەستم کرد مامۆستای ئافرەتی زمانی کوردی نییە، بۆیە سەرنجی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم ڕاستییە ڕادەکێشم‌و داواکارم بەرنامەیەکی تایبەت ڕێك بخرێ بۆ ڕاهێنانی کچانی کورد.

٧- داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەم بکاتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیس بۆئەوەی هەنگاوی پێویست بنێ بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو ئەفسەری پۆلیسانە کە کوردی نازانن‌و دانراون بۆ ناوچەی کوردان.

٨- تێبینیی ئەو ڕاستییەیشم کرد کە تەنها زمانی تورکی لە قەزاکانی کەرکووك‌و کفری بەکاردێ، هەرچەندە بە پێی بڕگەی (٥)ی یاسای زمانی خۆجێیی دەبوو هەردوو زمانی کوردی‌و تورکی زمانی ڕەسمیی ئەو ناوچانە بوونایە. جا بۆیە ئەبێ ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێ.

وێنەیەکی ئەمەو وێنەی کۆنووسی کۆبوونەوەکە بۆ سەرۆکی دیوانی پاشایی.



بەڵگەنامەی (٢٠)

**١. <u>چەند بەشێك لە کۆنووسەکانی خولی بیست و یەکەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب</u>**

(بەڵگەنامەی سی. ٨٣٠. ئێم. ٤١١. ١٩٣١. شەش. لاپەڕە:١٩٨-١٩٩)
سی. پی. ئێم. ١٢٤٧ (١)

عیراق

**<u>سکاڵانامەی ٢٨ مارسی ١٩٣١ی چەند کەسێك بەناوی کوردەکانی عیراقەوە کە حکوومەتی بریتانیا ٢٠ تەمووز گەیاندوویەتی</u>**

ڕاپۆرتی ئێم. ڕاپارد

عەبدوڕڕەحمان پشدەری و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تر ٢٨ ئادار ١٩٣١ سکاڵانامەیەکیان لەبەر مامەڵەی حکوومەتەکانی عیراق و بریتانیا لەگەڵ کورد ئیمزاکردووەو لەڕێی مەندووبی سامیی عیراقەوە بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان ناردووە. حکوومەتی بریتانیا ٢٠ تەمووز ١٩٣١ تێبینیەکانی خۆی ناردووە. داخوازەکان کە ئیمزاکانیان ناخوێنرێتەوەو دەسەڵاتی ماندات گومانی لە دەسەڵاتیان هەیە، سەرەتا گلەیی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ساڵی ١٩٢٥ کوردستانی بەعیراقەوە لکاند بە دوو مەرج، یەکەم:ئیدارەیەکی کوردی لە کوردستان دابمەزرێ و ناسنامەیان بپارێزرێ. دووەم: سەبارەت بەوەیش کە عیراق ئازادبێ و ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەبێ ئیدارەیەکی تایبەت بەپێی ئارەزووی کوردەکان خۆیان بۆ کورد دابمەزرێ.

داواکاران, بەپێی ئەم پێداگرتنانە, کە زۆر لەگەڵ ڕاستیە مێژووییەکاندا یەکناگرنەوە, گازندەدەکەن کە حکوومەتی عیراق گرەنتیە بەڵێندراوەکانی لەبەرچاو نەگرتووە, حکوومەتی بریتانیا نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان جێبەجێ بکات. لەکۆتاییدا, داوادەکەن دان بە لیژنەیەکی نیشتمانیدا بنرێ کە کە بۆ نوێنەریی گەلی کورد هەڵبژێرراوەو هێزی مانداتیش لەو ستەمە بیانپارێزێ کە دەڵێن لێیان دەکرێ.

حکومەتی بریتانیا, لەوەڵامدا, ئەم سکاڵانامەیە بە کاری شێخ مەحموود دەزانێ و پاساوی داواکارەکان ڕەت

دەکاتەوە. هێزی ماندات دەڵێ: شێخ مەحموود ١٣ مایس ١٩٣١ خۆی داوە بەدەست حکوومەتی عیراقەوەو یاخیبوونەکەی بەکردەوە خەریکە دوایی دێ, بۆیە کۆمەڵەی نەتەوەکان پێویست ناکات بایەخێکی ئەوتۆ بەم گلەیینامەیە بدات.

جا لەبەرئەوەی کە بناغەی ئەم سکاڵانامەیە وردنییەو داخوازەکانی جێی گومانن و ئێستا کێشە لەئارادا نییە, پێم وایە کۆمسیۆن پەسندی ناکات, چونکە تەنها نیشانەیەکە بۆ نائارامیی ناو کوردانی عیراق خۆیان. ئەگەر کۆمسیۆن لەگەڵ ئەم بۆچوونەدابێ, دەتوانێ ئەم بڕیارە بدات:

" کۆمسیۆنی ئینتیداب

" کە لە گلەیینامەیەکی ٢٨ ئادار ١٩٣١ ی چەند کەسێکی کۆڵییەوە کە بەناوی کوردی عیراقەوە ئیمزایانکردبوو,

" هەروەها سەرنجەکانی ٢٠ تەمووز ١٩٣١ ی حکوومەتی بریتانیای لەم بارەیەوە پێ گەیشت,

" ١) تێبینی دەکات هێزی ماندات لە خاسیەتی داواکاران و بنەمای مێژوویی گلەییەکان بە گومانە.

" ٢) تێبینی دەکات داخوازان پشتیان بە چەند دەقێکی یاسایی, بۆ دەربڕینی گازندەکانیان, بەستووە کە واتاکەیان ئاوەژوو کردووە.



" ٣) پێی وایە ئەم خستنەڕووە تازەیەی ناڕەزایی لە عیراق, هەروەکو گلەیینامەکانی پارساڵ, پێویست ناکات لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

" ٤) بۆیە بڕیار دەدا گرنگی بە دڵەڕاوکێی بەردەوامی گەلی کورد بدات, ئەنجومەن لەو چارەنووسە نادیارە ئاگاداربکات کە دوای ئەو پارێزگارییە دە ساڵەیەی بریتانیای مەزن بەرەورووویان دەبێتەوە

٢. چەند بەشێك لە کۆنووسەکانی خولی بیست و یەکەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب

(بەڵگەنامەی سی. ٨٣٠. ئێم. ٤١١. ١٩٣١. شەش. لاپەڕە: ١٩٩)

سی. پی. ئێم. ١٢٦٠

عیراق

ڕاپۆرتی ئێم. ڕاپارد

سکاڵانامەی ١٦ میسی ١٩٣١ی خاتوو ئاسیا تۆفیق

خاتوو ئاسیا تۆفیق لە سکاڵانامەیەکی ڕۆژی ١٦ مایس ١٩٣١یدا بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب گلەیی دەکات حکوومەتی عیراق تۆفیق وەهبی بەگی مێردیان گرتووە کە کوردێکی عیراقە, داوا دەکات ئەم مەسەلەیە لەگەڵ حکومەتی تاووتوێ بکرێ.ناوبراو باسی ئەوەیش دەکات کە تۆفیق وەهبی بەگ نیسانی ١٩٣١ سکاڵانامەیەکی لەبارەی مامەڵەی نادروستی حکوومەتی عیراقەوە لەگەڵ کورد پێشکەشی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کردووە.

حکومەتی بریتانیا لە لێکۆڵینەوەکانی ٣٠ ئۆکتۆبەر١٩٣١یدا ئاماژەی پێدەدا: نوێنەرێکی متمانەپێکراوی هێزی ماندات پێشەکیی قسەکانی خولی حوزەیران ١٩٣١یدا بەدرێژی باسی هەلومەرجی گیرانی تۆفیق وەهبی بەگی کردووەو حکوومەتی خاوەنشکۆ هیچ زیادەیەکی بۆسەر ئەو قسانە نییە,

چونکه قسەکە وادەردەخات کە ناوبراو دووهەفتە پاش مێژووی ئامادەکردنی ئەم سکاڵانامەیەی خاتوو ئاسیا تۆفیق بەبێ مەرج ئازادکراوە.

هاوکارانم دەزانن کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب, لە دوا خولی کۆبوونەوەکانیدا, کاری لەسەر گلەییینامەکەی نیسانی ١٩٣١ی تۆفیق وەهبی بەگ کردووە. من, سەبارەت بە گازندەی داواکار لەمەڕ گیرانی مێردەکەیەوە, پێم وایە کۆمسیۆن هیچ ئیجرائاتێک بە پێویست نازانێ, چونکە لە لێکۆڵینەوەکانی حکوومەتی بریتانیاوە دیارە تۆفیق وەهبی بەگ شەش مانگە ئازادکراوە.

بەڵگەنامەی (٢١)

نهێنی

بارەگای مەندووبی سامی
بەغدا، ٣ کانوونی یەکەم ١٩٣١

گەورەم،

خۆشحاڵم ئاماژە بدەمە نووسراوی ١٩ نۆڤەمبەری ١٩٣١ی نهێنی بەڕێزتان، کە لەگەڵیدا وێنەی وەڵامەکانی بەشی مانداتی کۆمەڵەی نەتەوەکانتان لەمەڕ چەند سکاڵانامەیەکی کورد بۆ ناردبووین.

٢- دوو لەو سکاڵانامانە هی جەعفەر سوڵتانی کاربەدەستی ئێران بوون. من لە نووسراوی نهێنیی ٧ تشرینی دووەم ١٩٣٠ و تێبینییە هاوپێچکراوەکانی نووسراوی نهێنیی ٢٧ شوبات ١٩٣١مدا باسی ئەم کەسەم کردووەو سەرنجی لۆرد پاسفیلدم بۆ ڕاکێشاوە. بەڵام بڕیاردرا گلەیینامەکانی



جەعفەر سوڵتان بنێرین بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان و کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و، ئەو ڕوونکردنەوانەیش کە لە بارەی هەڵوێستی ناوبراوەوە درابوون، فەرامۆش کران. هەمان ئەو وەڵامەی داخوازە کوردەکان بەمیش دراوەتەوە.

٣- حکوومەتەکەی خۆی حاڵی حازر بە یاخییەکی چەکداری دەبینێ، کەچی کۆمەڵەی نەتەوەکان دووجار پەیوەندییان پێوە کردووە. من ئەترسم ئەمە لە خۆیی بایی کردبێ و جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ عیراقدا سەلماندبێ کە حکوومەتی عیراق زۆر هەوڵەدا بیداتە دواوە.

گەورەم، مایەی شانازیمە
خزمەتکاری هەرە گوێڕایەڵتان بم
مەندووبی سامی لە عیراق

سێر فیلیپ کەلیف- لیستەر، جی. بی. ئی، پی. ئای.، ئێم. سی.، ئێم. پی
وەزیری کۆلۆنیەکان
شەقامی داونینگ، لەندەن، ئێس. دەبلیوو.

بەڵگەنامەی (٢٢)

وێنە

(دەبڵیوو ٢١٤١/٢٢/٩٨)　　　جنێڤ

٦ ئەی/ ٢٢٤١٣/ ٦٥٥　　　١٩ شوبات ١٩٣٢

<u>تۆمارکراو</u>

ئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ٢٥ کانوونی دووەم ١٩٣٢ی کۆمەڵەی نەتەوەکان، خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەم کە خولی بیستو یەکەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، لە بارەی سکاڵانامەی ٢٨ ئادار ١٩٣١ تانەوە، ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوەی لێ کەوتەوە.

"کۆمسیۆن کاتێ لە سکاڵانامەی ٢٨ مارس ١٩٣١ی چەند کوردێکی عیراقو سەرنجو تێبینیەکانی ٢٠ تەمووز ١٩٣١ی حکوومەتی بریتانیای تایبەت بەو سکاڵانامەیە کۆڵییەوە:

١- تێبینیی کرد هێزی ئینتیداب ڕەتی دەکاتەوە داواکارەکان بە ناوی کوردانی عیراقەوە قسەبکەنو گلەییەکانیان بنەمای مێژووییان هەبێ.

٢- داواکارەکان لە گلەییەکانیاندا پشتیان بە چەند دەقێکی یاسایی بەستووە کە واتاکانیان ئاوەژوو کردووە.



٣- ئەم پیشاندانە نوێیەی ناڕەزایی لە عیراق، ئامانجو بایەخی هەرچی بێ پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لە گلەیینامەکانی پار ناکات.

٤- بۆیە بڕیاری دا بایەخێکی زۆر بداتە نائارامیی کوردانو، ئەنجومەن جارێکی دیکە لەو چارەنووسە نادیارەی کە دوای کۆتایی هاتنی پارێزگاریی (١٠) ساڵەی بریتانیای مەزن چاوڕێیان دەکات، وریا بکاتەوە.

ئەنجومەن ئەم ئەنجامانەی پەسەند کردووە.

من، بۆ زانیاریتان، وێنەی ڕاپۆرتێکی (ئێم. ڕاپارد)تان بۆ ڕەوانە دەکەم کە لەسەر سکاڵانامەی پێشکەشکراوی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب نووسیویەو هاوپێچی کۆنووسی بیستو یەکەمین خولی کۆمسیۆن کراوە.

(ئیمزا) ڤیتۆ کاتاستینی

بەڕێوەبەری کەرتی ئینتیداب

بەڕێز عەبدوڕەحمان ئاغاو

کوردانی تری پشدەر،

عیراق.